دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٧، پێنجشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com


### پەیامی مستەفا هیجری بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە

جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز

بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزان، جەژنی موسڵمانانی جیهان، پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەش بە هەموو موسڵمانان، بەتایبەت خۆشک و برا موسڵمانەکانم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم. ئاواتمە ڕۆژانی جەژن و هەموو ڕۆژانی دیکەی تەمەنی هاونیشتمانییانم پڕ بێ لە خۆشی، ئاشتی، تەبایی و بەختەوەری.

بێگومان ئەو ئاواتەش بە نەمانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بێتە دی، چوونکە ئەم ڕێژیمە بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیەیە کە دەستی بە سەر نان و ئازادیی هەموو نەتەوەکانی ئێراندا گرتووە و سووکایەتی بە کەرامەت و کولتووری نەتەوەکەمانی کردووە و هەموو خەڵکی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کوردی لەو بەشە، لە هەموو مافەکانی بێبەش کردووە.

ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانە هەیە، بۆ ئەوەی ئەم دەستە کورت بکەینەوە و بەدیهێنەری جەژنی ڕزگاریی بین.

جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز و هاندەر بێ بۆ خەبات لە ڕێگای جەژنی ڕزگاری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٧



ڕاپۆرتی چالاکییە دیپلۆماتیکەکانی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات

٤



ژینگەی وڵاتی ئێران و کوردستان و شەڕی کۆماری ئیسلامی

٦



زرێبار و ئەفسانەی فەیلەقووس

٨



وتووێژی کوردستان لەگەڵ کاوە بەهرامی

١٠

# هێزی ئێمە خەڵکی خۆمانە



لەسەر داوای فەرمی دەوڵەتی واشنگتۆن، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وە کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ لێپرسراوانی سیاسی ئەم وڵات پێکهێناە.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ژوئەنی ٢٠١٨ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات کە بۆ سەفەرێکی دیپلۆماتیک سەردانی ئامریکای کرد لە فرۆکەخانەی واشنگتۆندی‌سی لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە ئامریکا پێشوازی لێکرا.

ئارش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە ڕایگەیاند: بەڕێز مستەفا هیجری لەسەر داوا و بانگهێشتی فەرمی دەوڵەتی ئامریکا ئەم سەفەرەی ئەنجام داوە.

بەڕێز هیجری لەم سەفەرەدا جیا لە چەندین دیمانەی گرینگی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی، ئاکادیمیسیەن و کۆنگرێسمەن دیداری گرینگی سیاسی و دیپلۆماتیکیشی لەگەڵ ناوەندە حکومەتییەکان و تینک‌تەنکەکان هەبوو کە لێرەدا ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین: شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکا، ناوندیی لێکۆڵینەوەی لەندەن، ڕۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست"، فرانس‌پرێس، "ئۆفیسی ئێران" و "بەشی مافی مرۆڤ و دێموکراسی" لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، دەزگای بلومبێرگ و ناوەندیی وێلسۆن، ئەنستیتۆی واشینگتۆن، ئەنستیتۆی کورد لە واشینگتۆن.

لەکۆی ئەم چاوپێکەوتنانەدا بەڕێز هیجری ئاماژەی بەم خاڵە گرینگانە کرد کە پێشوازی زۆری لێکرا: مێژووی گەلی کورد، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دۆخی ئێستای ژیان لە کوردستان و ئێران، ڕۆڵی ئێران لە ناوچە، سیاسەتی تاران دژ بە کورد، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەلات، دەستێوەردانە ناوچەییەکانی تاران، پێویستی گۆڕینی ڕێژیمی تاران، داهاتووی ئێران، داهاتووی کوردستان، ڕۆڵ و نەخشی حیزبی دێموکرات لە داهاتووی ئێران و کوردستان، پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێویستی و داواکارییەکانی کورد لە ئامریکا، ئەرکی دەوڵەتی ئامریکا.

هاوکات ئەم چاوپێکەوتنانەی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزب سرنجی میدیا گرینگە ناوچەیی و جیهانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکیشا؛ ماڵپەڕی بەناوبانگی ئەلمانیتۆر ڕاپۆرتێکی لەپێوەندی لەگەڵ دوایین چالاکییە دیپلۆماتیک و سەربازییەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا ئاوڕی لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دیدارەکانی بەڕێز مستەفا هیجری داوەتەوە.

لە بەشێک لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران هیوادارن کە ئەگەر ئامریکا دەیهەوێ بەجیددی بەرەوڕووی ڕێژیمی تاران ببێتەوە، ئەوان ببنە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیم کە سیاسەتی نوێی کۆشکی سپییە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە سەفەری بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ئامریکا کراوە و تێیدا هاتووە: ڕێبەری حیزبی دێموکرات سەردانی واشینگتۆنی کردووە و لەوێدا بۆ باسکردن لەسەر ڕەوشی ناوخۆیی ئێران و داهاتووی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئیدارەی ترامپ و کۆنگرێسمەن و تینک‌تەنکەکانی ئامریکا کۆ بووەتەوە؛ هەروەها تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە گرینگی ئەم دیدارەی ڕێبەرایەتی کورد لەوەدا بووە کە بەپێچەوانەی چاوپێکەوتنەکانی پێشووتر سیگناڵی نوێ و جیددیتر بۆ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لە ئارادایە ئەمەش بەتایبەتی هاوکاتە لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی سپای پاسداران.

ئەلمانیتۆر هەروەها نووسیویەتی: ڕێبەری کوردەکان پێشتر لەگەڵ نووسینگەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی کرێکاران کۆدەبوویەوە بەڵام ئەمجارەیان چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی بەشی ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئەنجام داوە کە ئەمە خاڵێکی جیاواز و گرینگە بەبەراورد لەگەڵ چاوپێکەوتنەکانی پێشووتر.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە جیاوازی گوتاری ئەمجارەی ڕێبەری کورد کراوە کە تێیدا کۆمەڵێک پرسی سیاسی گرینگ و یەک لەوان ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دواڕۆژی کوردستان و ئێران لەگەڵ کاربەدەستانی ئامریکا هاتووەتە ئاراوە.

هەروەها ئاماژە بە دیداری بەڕێز هیجری لەگەڵ ناوەندی لێکۆڵینەوەی لەندەن کراوە کە بە یەکێک لە گریگترین و شوێندانەرترین تینک‌تەنکەکانی ئامریکا دەژمێردرێ کە کار دەکات لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئامریکا بۆ نموونە ئەم ناوەندە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر شێوەڕوانینی ئیدارەی ترامپ بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناقین بەگشتی و کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی.

**خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە بەشێک لە چالاکییەکانی بەڕێز مستەفا هیجری لەم سەفەرە، لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

## پەیڤ

### ناسنامەی بەربا

### کەریم پەرویزی

ناسنامەی هاوبەش کە خەڵکی یەک جوغرافیای سیاسی خۆیانی پێ دەناسێنن یان پێناسەیانە بەرامبەر بە خەڵکی غەیر، گرنگترین فاکتەری درێژەدانی پێکەوە ژیانە کە ترازانی ئەو فاکتەرە زۆر بنەما دەخاتە مەترسییەوە. لە سەر عەرزێک کە تێیدا دەژین، خەڵکانی جیهان بۆ پێکەوە ژیان پێویستیان بە ئیدارەکردن و بەڕێوەچوونی یاسا هەبووە و لەو پێناوەشدا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێک هەبێ کە یاسایەک جێ بخا یان یاسای جێخراو و دامەزراو بەڕێوە ببا، دەوڵەت دروست کراوە و سنوورە خاکی و ئاوییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیش وڵاتی پێک هێناوە. لە نێو هەر وڵاتێکیشدا خەڵکی نیشتەجێی ئەو وڵاتە یان ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە یان دەسەڵاتی جێگرتوو (قدرت مستقر) هەوڵ دەدا کە ناسنامەیەکی هاوبەش دروست بکا تاکوو بە شێوەی هەستپێنەکراو (ناخودآگا) خەڵک پێڕەوی لە یاساکانی بکەن.

لە جوغرافیایەکی سیاسیی وەکوو ئێرانیشدا دەسەڵاتەکان هەوڵیان داوە کە ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ خەڵکانی نێو ئەم جوغرافیایە دروست بکەن؛ بۆیە دەڵێم دروست بکەن، چوونکە جوغرافیای سیاسیی ئێران ئەو تایبەتمەندییەی نییە کە هەموو خەڵکەکەی بەشێوەی سروشتی ناسنامەیەکی یەکسان و هاوبەشیان هەبێ، بەڵکوو وڵاتێکە بە خەڵکانی جیاواز کە فرە ناسنامەیە.

ئەم فرە ناسنامەییەی خەڵکان لە ئێراندا، بۆتە هۆی گرفت بۆ دەسەڵاتدارانی وڵات. ( بۆیە ناڵێم دەسەڵاتدارانی ناوەند، چوونکە ناوەندبوون بە دەسەڵاتی جێگرتوو نییە، بەتایبەت لە ئێراندا، دەسەڵات دەسەڵاتێکی ناڕەوایە، بۆیە تایبەتمەندیی ناوەندبوونی پێ نادا، بەڵکوو پێناسەی دەسەڵاتی داسەپاو باشتر دەیناسێنێ.) هەر دەسەڵاتێک پێویستیەتی کە بڕیارەکانی گوێی لێ بگیرێ و ملی بۆ ڕاکێشرێ، بەڵام دەسەڵاتی داسەپاو لە ئێراندا لە بەر فرە ناسنامەیی‌بوونی خەڵک، ئەو ئیمتیازەی نەبووە و خەڵک مل بۆ بڕیارەکانی ڕاناکێشن.

لەبەر ئەو گرفتە هەوڵی زۆریان داوە کە ناسنامەیەکی هاوبەشی دەسکرد لە ئێراندا دروست بکەن و بەناو ڕووناکبیر و سیاسی و دەسەڵاتداران، لە ماوەی نزیک بە سەدەیەکدا هەوڵیان داوە کە ئێرانیبوون پێناسە بکەن و یەک ناسنامەیی بە خەڵکی ئێرانەوە دیار بێ. بۆ ئەم کارەشیان هەموو بنەما و فاکتەرە باشە فەرهەنگییەکانی نەتەوەکانی دیکە (لە ڕوانگەی خۆیانەوە باش) دزیوە و بەرگێکی فارسییان لەبەر کردووە و پێوەر و فاکتەرەکانی دیکەی نەتەوەکانیان بە دواکەوتوو و سووک چاو لێ کردووە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات
# سێمینارێکی تەشکیلاتیی بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لە ئامریکا بەڕێوە برد



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئامریکا، سێمینارێکی تەشکیلاتیی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردان، مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی گەشتە سیاسیی و دیپلۆماسییەکەیدا بۆ ئامریکا، لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە دەڤەری واشنتگۆن کۆ بووەوە.

سەرەتای ئەو سێمینارە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەگشتی و شەهیدانی ڕاسان بەتایبەتی دەستی پێ کرد. پاشان "ڕەحیم ڕەشیدی" وێڕای بەخێرهاتنکردنی لێپرسراوی حیزب، ئامانجی ئەو کۆبوونەوەی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە. دواتر "عوسمان پالانی" لەسەر کار و چالاکیی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا قسەی کرد و ئەوجار لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لەسەر داوای بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات وتارەکەی دەست پێ کرد.

مستەفا هیجری پرسە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکەی خستە بەرباس و لەم پێوەندییەدا، سیاسەت و ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبی بە وردی بۆ ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوە تەشکیلاتییە شی کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی وتاری سیاسیی لێپرسراوی گشتیی حیزبدا باس لە سیستەمی نوێی حیزب و ئەو ئاڵوگۆڕانە کرا، کە پاش کۆنگرەی ١٦ی حیزب هاتوونەتە ئاراوە و لەم بارەوە لێپرسراوی گشتیی حیزب بە وردی پێویستیی ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی بۆ ئەندامانی حیزب شی کردەوە و ئەوەی خستەڕوو، کە پێویستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای سیاسەتی نوێی حیزبی دێموکرات بێتەوە ڕۆژەڤی سیاسەت و بڕیار لە ناوچەکەدا و لەم پێوەندییەشدا حەسێبی بۆ بکرێ. مستەفا هیجری داوای لە ئەندامانی حیزب کرد، کە لە جاران پتر بۆ بەرەوپێشبردنی کار و تێکۆشانی حیزبی، دڵسۆزانە ئەرک وەربگرن.

لە بەشی کۆتاییی ئەو سێمینارەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب وڵامی سەرجەم تێبینی و پرسیاری ئامادە بووانی دایەوە.

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە لێپرسراوی گشتیی حیزب لە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ئەمساڵەوە بە سەردانێکی فەرمی لە ئامریکایە و لەو چوارچێوەشدا وێڕای دیداری لەگەڵ کاربەدەستانی ئامریکایی لە چەند بنکە و بونیادی واشنگتۆن سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتاری پێشکەش کردووە، ئەم چالاکی و جموجوڵە سیاسیی دیپلۆماسییانەی لێپرسراوی گشتیی حیزب تاکوو چەند ڕۆژی داهاتووش درێژەیان دەبێت.

# شاندێکی HDP سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتییان کرد



شاندێکی HDP سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێریان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی پارتی دێموکراتی گەلان (HDP) لە باکووری کوردستان بە سەرپەرستیی "سیبەل جان" پارلمانتاری HDP لە شاری ئامەد سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکرات بە سەرپەرستی "محەممەد ساڵح قادری" نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا ڕەوشی کوردستان و ناوچەکە و بە تایبەتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کران و یەکگرتوویی هێز و لایەنە سیاسیەکان بە پێویستیەکی زەرووری دانرا.

شاندی HDP وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لەو دیدارە، دەور و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بەرز نرخاند و پێداگریان لە سەربەردەوامی و بەهێزترکردنی پێوەندییەکان کردەوە.



# ڕوونکردنەوەیەک لە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکاوە

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا سەبارەت بە دانیشتنی بەشێک لە دژبەرانی ڕێژیمی ئێران لە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕوونکردنەوەی کە بە دەستی ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، بەم چەشنەیە:

دوای ئەوەی ڕۆژی شەممە ٩ی مانگی شەشی ٢٠١٨، بە ناوی بەشێک لە دژبەرانی ڕێژیمی ئێرانەوە دانیشتنێک لە زانکۆی جۆرج واشینگتۆن لە شاری واشینگتۆن دی سی لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئامریکا بەڕێوە چوو، لە لایەن هێندێک میدیا و ئەندامان و دۆستانی حیزبەوە سەبارەت بە بەشداری کردن یان نەکردنی حیزبی دێموکرات لەو ڕێورەسمە دا پرسیار ئاراستەی ئەم نوێنەرایەتییە کراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتی و هەروەها ئاگادار کردنەوەی میدیا پێویستە ڕابگەیەنین کە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تاوتوێ کردنی ئەو بانگێشتەی کە بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسە دا بە دەستمان گەیشتبوو، بەو ئاکامە گەیشتین کە بەهۆی ڕوون نەبوونی چیەتی و ئەجێندای ئەو بەرنامەیە بۆ ئێمە، لەو کۆنفرانسە بەشدار نابین. بۆیە وێڕای ڕەدکردنەوەی هەرجۆرە دەنگۆیەک لە بەشداری کردنمان لەو دانیشتنە، بە هیچ شێوە هیچ بەرپرسیاتییەک لە هەمبەر دەرئەنجامەکانی وە ئەستۆ ناگرین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نوێنەرایەتی ئامریکا**

# بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لە سەرەخۆشیی ئەندامێکی دامەزرێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەستەی کارگێریی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی پرسە و سەرخۆشیی " عەبدەلرزاق فەیلی" بەشداریان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی "عەبدەلرزاق فەیلی"کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دیمۆکراتیان پێشکەش بە هەڤاڵانی لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بنەماڵەی بەڕێزیان کرد.

"عەبدولرزاق فەیلی"، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە بوو کە بەهۆی نەخۆشی لە شاری سلێمانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردان کۆچی دوایی کرد.

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە



لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی چەند ڕۆژ پێش ئێستای هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچەی شنۆ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هاونیشتمانانی کوردستان و هەموو میدیاکان ئاگادار دەکاتەوە کە شەوی ١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی تێکهەڵچوونێک لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سیاکێو لە ناوچەی شنۆ ڕوویدا کە لە ئاکامدا ٩ پاسدار کوژران و ١٨ی دیکەش بریندار بوون.

ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێندێ میدیای دیکە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا دەنگۆی شەهیدبوونی ٧ پێشمەرگەیان ڕاگەیاندبوو، بۆیە لەو پێوەندیەدا وێڕای وەدرۆخستنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە هیچ زیانێک بەر هێزی پێشمەرگە نەکەوتووە و پێشمەرگەی کوردستان بە سلامەت درێژەیان بە ئەرک و مەئموورییەتەکانی خۆیان داوە.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

**٢٠/٣/١٣٩٧**

**١٠/٦/٢٠١٨**

# کۆمەڵەی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد



کۆمەڵەی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەبەردەم کۆنسوولخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆمەڵەی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەبەردەم کونسوولخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری مونشێن بە مەبەستی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی کورد و مەحکوومکردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەمبەر گیراوانی کورد خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

لە خۆپێشاندانەکەدا کۆمەڵەی کوردی باکووری کوردستان "کۆمکار" و پارتی چەپی ئاڵمان بە مەبەستی پشتگیری لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد و پەیامیان خوێندەوە.

لە درێژەی ئەو خۆپیشاندانەدا، پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان بە هەر دوو زمانی ئاڵمانی و کوردی خوێندرایەوە. جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلانی ئێران و بەتایبەتیش گەلی کورد، دۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی لەنێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ئازار و ئەشکەنجەدانی زیندانیان، سەپاندنی حوکمی ناڕەوای لە سێدارەدان، حەپسی درێژماوە و هەڵاواردن لە نێوان بەندکراوانی ئێران بە گشتی بەشێک لە ناوەڕۆکی پەیامەکە بوون.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئاڵمان لە درێژەی پەیامەکەیدا ئاماژەی بە تەشەنەکردنی خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکانی ئێران و مانگرتنی شارەکان بە هۆی دۆخی نالەباری ژیان و گوزەران، سەرەڕۆیی و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهان و هەروەها وەرزی نوێی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد کە بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناسراوە دژی ئەو ڕێژیمە تۆتالیتر و دژە مرۆڤە کرد.

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە



فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کار و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادارییەکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

ئاگاداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرانی ناوخۆی حیزبی دێموکرات لە درێژەی کار و چالاکیەکانیان کە بەردەوام لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو دەبن، شەوەکانی ٢٧ و ٢٨ی جۆزەردانی ٩٧ی هەتاوی لە گوندەکانی "نەجێ" و "هۆیە" سەربە ناوچەی ژاوەرۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرینیان بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە پێک هێناوە.

لە باس و بابەتەکانیاندا ئاماژەیان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، زەبر و زەنگی ڕێژیمی دژی گەلی لە کورستان دژ بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و هەروەها ئاماژەیان بە گرتن و لێدان و زیندان و ئەشکەنجەکان کردووە کە لەگەڵ پێشوازی گەرم و گوڕ و بێ وێنەی خەڵکی ئەو دەڤەرە بەرەوڕوو بوویەوە .

خەڵکی ئەو ناوچەیە بەسەرکردنەوەیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە گرینگ نرخاند و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەشوهەوایەکی باشدا درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

# ڕاپۆرتی چالاکییە تەبلیغییەکان لە کوردستان







**لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و تێکۆشەرانی دێموکرات چەندین چالاکی تەبلیغی جۆربەجۆریان بەڕێوە برد کە لێرەدا ڕاپۆرتەکەی دەخریتە بەر چاوتان:**

### ئاڵای کوردستان لە بۆکان نەخشێنرا

تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و کوردستان لە ناوچەی گوندی "بەردەزەرد"ی شاری بۆکان ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان بە پانتایی ٥ لە ٥ مێتریدا کێشایەوە.

پەیمان نوێکردنەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی جۆزەردان، پۆلێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە گوندی ئالێکەندی بۆکان، لە بەرەبەرەی ساڵڕۆژی شەهید بوونی عەبدوڵڵا محەممەدپوور، برای فەرماندەی شەهید، قاسم باقی سەردانی گڵکۆی ئەو نەمرەیان کرد و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و ڕێگە و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێ کردەوە.

شەهید عەبدوڵڵا محەممەدپوور ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی ئالێکەند لە دایک بوو و ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی سەرا لە ئەنجامی تێکهەڵچوونی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای پڕسەروەری کرد.

هەروەها لە ناوچەی مەگەوەڕ و تەرگەوەڕی ورمێ، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی لەسەر درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە، کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدان درێژەدەری ڕێگایان دەبن؛ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات جەختیان کردووەتەوە، کە ئێمە پەیمان لەگەڵ مەکتەبی پێشەوا نوێ دەکەینەوە و مژدە بە تێکۆشەرانمان دەدەین، کە بە هەنگاوێکی بەبڕشت پشتیوانیی لە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین.

### نووسینی درووشم

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەدێی "پەسوێ" سەر بە شاری پیرانشاردروشمەکانی وەک: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، "دوژمنان لە ئاست لۆمەی ویژدان کەڕن" و "دوکتور قاسملوو وەک مانگ وایە"یان نووسییەوە.

یادکردنەوەی حەماسەی قەرەسەقەڵ

تێکۆشەرانی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدانی حەماسەی قەرەسەقەل سەر بە شاری شنۆ، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

لەو چالاکییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات بەڵێنیان نوێ کردەوە، کە درێژەدەری ڕێگای پڕ سەروەریی شەهیدان دەبن و هەتا گەیشتن بە ئامانج درێژە بە خەبات دەدەن.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ٣٨مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران و هەروەها بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی حەماسەی قەرەسەقەل، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە: "مزگەوتی سەیدنیزام، شەقامی سەیدنیزام، شەقامی سەرداران، نزیک گڵکۆی پێشەوا، فەلەکەی کاکتووس، شەقامی زانکۆی سەرانسەری، فەلەکەی مامۆستا محەممەدی قازی، ڕووبەڕووی زانکۆی سەرانسەری، کۆڵانی فەجری خواروو و سەروو، پارکی دانیشگا، شەقامی مەلا جەزیری، پردی یەڕغوو و سێ ئاشان.

### پشتگیری لە ڕاسان

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و خەباتی ڕاسان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا، پۆلێک لە پێشمەرگەکانی شار، لە شاخی "خوداپەرەست" چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا و پەیامێکیان ڕوو لە خەڵکی مەهاباد بڵاو کردەوە.

لەو چالاکییەدا کۆمەڵێک دروشمی وەک: "سڵاو لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سڵاو لە دێموکرات، سڵاو لە ڕاسان"، نووسراون.

پێشمەرگەکانی شار لە پەیامێکی نووسراوەدا ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە، "گەلی کوردی ڕۆژهەڵات باش بزانن ڕاسان بەردەوامە، ئازادیی ڕۆژهەڵات زۆر نزیکە، تکایە پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن. پشمەرگە و گەل بێ یەکتر مانایان نییە".

# حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆ بوونەوە



شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانیان کرد.

پێشنیوەڕۆی چوارشەممە ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "حەسەن شەرەفی"، جێگری لێپرساوی گشتیی حیزب، سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لە لایەن شاندێکی کۆمەڵە بە سەرپەرەستیی "عومەر ئیلخانیزادە"، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت قۆناغی پاش هاتنەدەری ئامریکا لە ڕێکەوتنی بەرجام و نارەزایەتی و بارودۆخی نالەباری خەڵک لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تاوتوێ کران.

لەو کۆبوونەوەیەدا، دوو لایەن لەسەر پێویستیی هاودەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هاوکێشە سیاسییانەی کە لە بەردەمدان، پێداگریان کردەوە و ئەم پرسەیان بە پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولا وەسف کرد و زەمینەی کاری هاوبەش لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانیان بە ئەرێنی لە قەڵەم دا.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن وێڕای خوازیاری بۆ بەهێزترکردنی پێوەندیی دۆستانەی هەردوو لایەن، پێیان لەسەر ئەوە داگرتەوە کە بە هاتنە ئارای هەر ئاڵوگۆڕ و گۆڕینی هەر هاوکێشەیەکی سیاسیی دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا لەسەر دێڕی بەرنامە و تێکۆشانی سیاسیمان لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکە بێ.

# کارگەی مافووری ڤەژین لە کەمپی ئازادی کرایەوە




بە بۆنەی کرانەوەی کارگەی مافووری ڤەژین، لە کەمپی ئازادیدا ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردان، لە کەمپی ئازادی، ڕێوڕەسمی کرانەوەی کارگەی مافووری ڤەژین بەڕێوە چوو، کە ئەم کارگەیە لە لایەن ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی" سویسیی، بە مەبەستی هاوکاریی مرۆڤدۆستانە ساز کراوە.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کرد.

پاشان گۆرانییەک لە لایەن "سێراینا و تابیا" دوو ئەندامی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی" پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی" لە لایەن "دانیال هۆڤێر" بەرپرسی گشتیی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی" پێشکەش کرا، کە ناوبراو لە پەیامەکەیدا باسی گرینگیی ئەنجامدانی کارە مرۆڤدۆستانەکان و خێرخوازییەکان بۆ دروستکردنی دنیایەکی باشتر کرد و هەروەها سپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد، کە هاوکاریی ڕێکخراوی ئەی ڤی سییان لە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆژەکانیانەوە کردووە، بەتایبەتی "سەلیم زەنجیری" کە بە شێوەی خۆبەخشانە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژە و کارەکانی ئەی ڤی سی هاوکاری کردووە و بەو بۆنەوە لە لایەن دانیال هۆفێر بە خۆی و بنەماڵەکەی خەڵات بەخشرا.

لە بەشێکی تری ڕێوڕەسمەکەدا "سێراینا و تابیا" بە گۆرانییەکی تر ڕێوڕەسمەکەیان ڕازاندەوە.

دواتر "ساشا ئێرنێست" جێگری بەرپرسی ڕێکخراوی "ئەی ڤی سی" بەم بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش کرد و لە پەیامەکەیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ هەموو ئەو کەسانە خواست، کە لەو کارگەیەدا کار دەکەن و هەروەها باسی لە مێژووی وڵاتی سویس کرد، کە ئەوانیش ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە بارودۆخێکی خراپدا بوون و فەقیری و هەژاری باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشابوو، بەڵام لە کۆتاییدا خۆری ئازادی ئەو وڵاتە هەڵهات و هیوای باشتربوونی بۆ هەموو لایەک خواست.

لە بڕگەیەکی تری ئەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن "فاتمە عوسمانی" سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە، ناوبراو لە وتارەکەیدا سپاسی ڕێکخراوی ئەی ڤی سیی بە هۆی ئەو کار و چالاکییانەی کرد، کە بۆ خزمەتی منداڵان و ژنان ئەنجامیان داوە، بەتایبەتی ئەو کەسانە، کەسگەلێکن کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن، هەروەها ئەو کەسانەی کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی کار دەکەن و کاری مرۆڤانە ئەنجام دەدەن.

پاشان سروودێک لە لایەن منداڵانی نێو حیزب بەو بۆنەوە پێشکەش کرا.

دواتر لەوحی سپاسنامەی نووسینگەی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن بەڕێز حەسەن شەرەفی بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشکەشی دانیال هۆڤێر بەرپرسی ڕێکخراوی ئەی ڤی سی کرا

حەسەن شەرەفی بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و سپاسی کارە مرۆڤدۆستانەکانی ڕێکخراوی ئەی ڤی سی کرد و وتی: "لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو کەس کار لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و زۆر بەدەگمەن دەردەکەوێت ڕێکخراوێک بۆ شادی دڵی کەسانی دیکە بە ئیمکاناتی خۆیانەوە کار بکەن کە دەزانن ئەم کارانە بۆ دڵخۆشکردنی کۆمەڵێک خوشک و برایە، کە لە وڵاتی خۆیان هەڵکەندراون و لەگەڵ کەمی ئیمکاناتەکان ژیان بەسەر دەبەن، پێشکەشکردنی ئەم ئیمکاناتە کەمانە بەم کەسانە نیشانەی دڵپاکی و نیازپاکی ئەم ڕێکخراوانەیە. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم کارە خزمەتگوزارییانە دەکەین".

هەروەها یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەوحێکی ڕێزلێنانی پێشکەش بە ساشا ئێرنێست کرد.

لە کۆتاییدا کارگەی مافووری ڤەژین، لە لایەن "بەهار ڕۆستەمی"، ئەندامی ڕێبەری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و هاوسەری شەهید "مەهدی تەوریوەری"یەوە کرایەوە.

## درێژەی پەیڤ

و بەم شێوەیە بە دزی و دەسکاری و سووکایەتی، ناسنامەی دیکە بسڕنەوە و ناسنامەی دەسکردی ئێرانی بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

ئەم ڕەوتە مێژووییە تا ئێستاش سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە و ئێستا زیاتر لە هەموو کات، نەتەوەکان لە ئێراندا وەدوای پێناسەی تایبەتی خۆیانەوەن و ئێرانیبوونێک کە پێناسەی دادپەروەرانە و یەکسان بە هەموو خەڵک ببەخشێ نەهاتۆتە ئاراوە.

ئێرانیبوون سەردەمێک دەتوانێ ناسنامەی هاوبەش بێ کە هەموو نەتەوەکان بە یەکسان چاو لێ بکا و هیچیان بەسەر ئەوی دیکەدا نەسەپێنێ و بە باشتری نەزانێ و هەموو وەکوو یەک لە دەسەڵاتی جێگرتوودا بەشدار بن، گەر وا نەبێ هیچیان ناسنامەی دەسکردی بەزۆرەملێ قبووڵ ناکەن. ئێرانیبوون دەبێ فێدراڵیزمی دڵخوازانە و فرەنەتەوەبوونی جوغرافیای سیاسیی ئێرانی تێدا جێ خرابێ.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب لە دووتوێی ئاگادارییەکدا کۆمەڵێک خاڵی گرینگی ڕوو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

ئاگادارییەک لە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی

سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار دەکەینەوە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

یەکەم،لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وئامرازەکانی پێوەندی، لە دانان و ناردنی هەر جۆرە پۆست ، وێنە و زانیارییەک کە ببێتە هۆی دروست بوونی کێشە و گرفت لە بەردەم چالاکی و کاروباری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ،خۆ ببوێرن.

دووهەم، لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ،لە هەر جۆرە باس و موناقشەیەک کە زیان بە یەکڕیزی و یەکگرتویی ریزەکانی تەشکیلاتی حیزب دەگەیەنێ،خۆ بە دوور بگرن.

سێهەم، ریز گرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز، ئەسڵێکی دێموکراتیکە. هەر جۆرە بێ ڕێزی و هێرش و تۆمەتێک بۆ سەر لایەنەکانی دیکە بە هەر ناونیشانێکەوە بێت،بە دەر لە پڕەنسیپی تەشکیلاتی دێتە ئەژمار و ڕێگەپێنەدراوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٧**
**١٢ی ژوئەنی ٢٠١٨**

# ڕاپۆرتی چالاکییە دیپلۆماتیکەکانی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئامریکا



ئا: شەماڵ تەرغیبی

لەسەر داوای فەرمی دەوڵەتی واشنگتۆن، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ لێپرسراوانی سیاسی، تینک‌تەنک، میدیا و ڕۆژنامەی ئەم وڵاتە هەبوو کە لێرەدا بەشێکیان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەدانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکا بە بەشداری کۆمەڵێک لە ئاکادیمیسییەنەکان، ڕێبەرایەتی دوو حیزبی سەرەکیی ڕۆژهەڵات، "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"، کۆبوونەوەیەکی بە نیسبەت داهاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە برد.

لە کۆبوونەوەی شۆرای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئامریکادا کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە هاتە ئاراوە کە لە لایەن "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وڵام درایەوە.

لە پرسیارەکاندا زیاتر لە سەر ڕۆڵی پێشمەرگە جەخت کرابوویەوە کە ڕۆڵی پێشمەرگە لە داهاتووی کوردستاندا چی دەبێت؟ ڕاسان چیە و ئامانجی ڕاسان چیە ؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لەو پێوەندییەدا کرا کە لە لایەن مستەفا هیجری، وڵامی پرسیارەکان درایەوە.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە خوێندنەوە و زانیارییەک کە لەسەر ئەم ڕێژیمە هەمانە و ئەزموونی پێشنیاری وتووێژ تا شەڕی چەکداریمان لە گەڵی هەبووە، گومانمان لە سەر ئەو ڕاستییە نییە کە ڕێگای ڕزگاربوونی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، هەروەها گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بە ڕێڕەوی نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەپەڕێت. بێجگە لەمە، هەر چەشنە پلانێک بەمەبەستی "گۆڕینی سیاسەتی ڕێژیم" تەنیا تێچووی خەسارەکان بۆ خەڵکی ئێران و وڵاتانی جیهان زیاتر دەکا و مەجالی زیاتر پێک دێنێ کە ڕێژیم کاریگەری وحزووری خۆی لە ناوچەکە زیاتر بکات.

هیجری لە بەشێکی قسەکانیدا جەختی کردەوە کە خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی خاوەن مێژوو و پێگەی جەماوەری، بە ئەزموونی زیاتر لە حەفتا ساڵ خەبات دژ بە دوو ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، پلانی هەیە کە خەباتەکەی شانبەشانی خەباتی سەرانسەری لە ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی، بەهێزتر و جەماوەریتر بکا.

ڕۆژی دواتر واتە سێشەممە ڕێکەوتی ١٢ی ژوئەنی ٢٠١٨ی زایینی بەرامبەر بە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٧ی هەتاوی کۆڕێکی تایبەت بۆ هەریەك لە بەڕێزان مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزب و عەبدوڵا مۆهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو کە تێیدا بەشێک لە لێکۆڵەرانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەشدار بوون.

بەپێی ئەم هەواڵە بەڕێز مستەفا هیجری لەم کۆڕەدا وتارێکی پێشکەش کرد و دواتر وڵامی پرسیاری بەشداربووانی دایەوە.

لەم کۆڕەدا پرسیاری ئەوە لە لێپرسراوی گشتیی حیزب کرا کە شێوەڕوانینی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئێران چۆنە و گۆڕانکارییەکانی ئێران چۆن دەبینن؟ کە بەڕێزیان وڵامی دایەوە ئێمە پێمان وایە پرۆسەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە بەڵام سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە و داهاتووەکەی پێوەندی بە دوو فاکتەری سەرەکییەوە هەیە کە یەکێکیان بریتییە لە ڕێبەرایەتییەکی کارامە کە بتوانێ بزاڤەکە ڕێبەری بکات و دووهەمیان ئەوەیە کە ئەو داواکارییانەی کە لە نێو شارە فارسنشینەکاندا دێنە ئاراوە بتوانێ گوتارێک بێت کە داخوازیی نەتەوەکانی ئێران لەخۆبگرێ.

هەروەها باس لە جووڵەی هێزی پێشمەرگە کرا کە بەڕێز هیجری لەوبارەوە ئاماژەی بە دوایین جووڵەکانی هێزی پێشمەرگە کرد و پێی ڕاگەیاند کە هەنوکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قووڵایی خاکی کوردستاندا حزووری بەرچاویان بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و بەخشینی ورە بە خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنیان بەدژی دەسەڵاتی تاران بونیان هەیە.

ڕاشیگەیاند: ئێمە ئامادەین هەموو شێوازەکانی خەبات تاقی بکەینەوە؛ وتیشی ئەزموونی ئێمە و ئامریکا بەرامبەر بە ڕێژیمی تاران ئەزموونێکی هاوبەشە، ئێمەش ڕووبەڕوو بووینەوە لەگەڵ ئێران و تەنانەت لەسەر مێزی وتووێژیش دانیشتین بەڵام ئەو دانیشتنانە تەنیا خەساری بۆ ئێمە هەبوو.

لە درێژەی ئەم سەفەرەدا بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزب ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردان، لەلایەن ناوندیی لێکۆڵینەوەی لەندەن لە یەکێک لە بیناکانی سەر بە کۆنگرەی ئامریکا بانگهێشت کرا. ئەم ناوەندە کۆڕێکی تایبەتی بۆ سەرکردایەتی کورد سەبارەت بە داهاتووی ئێران و ڕۆڵی کورد بەڕێوە برد کە تێیدا لێپرسراوی گشتی حیزب بە وردی باسی لە داڕەوشی کوردستان کرد.

لەم دانیشتنەدا کە چەندین ئەندام کۆنگرە، ستافێری چەندین ئەندام کۆنگرە، لێکۆڵەر و ئەندامانی ناوەندیی لێکۆڵینەوەی لەندەن و هەروەها نوێنەری چەند میدیا و دەزگای ڕاگەیاندن بەشدار بوون، بەڕێز هیجری باسی لەوە کرد کە کورد لە کوردستانی ئێران لەژێر زەخت و گوشارێکی زۆردایە و پێویستی بەوە هەیە کە یارمەتی بکرێت بۆ ئەوەیکە بتوانێ لەبەرامبەر ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامیدا ڕابوەستێ.

باسی لەوەش کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا کێشەیە بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەڵکوو سەرئێشەیەکی سەرەکییە بۆ تەواوی ناوچەکە و پێویستە پشتگیری لە خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردەکان بکرێت تاکوو بتوانن ئەو ڕێژیمە بگۆڕن و لەبەرامبەریدا ڕابوەستن کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە سوڵح و ئاشتی لە هەموو ناوچە و تەنانەت جیهانیش جێگیر ببێت.

هەر لەم دانیشتنەدا بەڕێز مستەفا هیجری کۆمەڵێک زانیاری وردی هێنایە بەرباس و لێکدانەوە و بیروڕای حیزبی دێموکراتی لەهەمبەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و ئێران و کوردستان خستەڕوو و هەموو گرفت و کێشەکانی گرێ دایەوە بە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نامرۆڤانەکانی و باسی لەوە کرد کە ئەگەر لە داهاتوودا جیهانێکی ئارامی بە دوور لە کێشەمان دەوێ دەبێ وەک یەکەم هەنگاو هەوڵ بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی بدەین.

بەڕێز "مستەفا هیجری" لە درێژەی چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکانی خۆیدا لە ئامریکا ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردان لەگەڵ هەیئەتێکی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" کۆبوویەوە و سەردانی کۆنگرەی ئامریکاشی کرد و چەند چاوپێکەوتنێکی ئەنجام دا.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هەیئەتی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی شی کردەوە و باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران زەبروزەنگێکی زۆری خستووەتە سەر نەتەوەی کورد و ئەو زوڵم و ستەمش لە لایەن میدیا جیهانییەکانەوە کەمتر گرینگی پێدراوە.

هیجری لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هەیئەتی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" باسی لەوەش کرد، پێویستە ئەو ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەکانی دیکە زیاتر ئاوڕ لە مەسەلەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و بەتایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات بدەنەوە و گرینگییەکی زیاتر بە مەسەلەی کورد لە ئێراندا بدەن.

هەیئەتی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" قسەکانی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان زۆر گرینگ نرخاند و چەندین پرسیاریان لەو بارەیەوە لەگەڵ مستەفا هیجری هێنایە ئاراوە کە لە لایەن ناوبراوەوە وڵامی پرسیارەکان درایەوە.

لێپرسراوی گشتیی حیزب دوای کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"، سەردانی کۆنگرەی ئامریکای کرد.

هیجری لە قسەکانیدا بۆ سێناتۆر و کۆنگرێسمەنەکانی ئامریکا شی کردەوە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە چەمکی گۆڕینی ڕێژیم لە واشنتۆن و پێتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر ببیسرێت.

ناوبراو باسی لەوە کرد کاتێک ئێمە باس لە گۆڕینی ڕێژیم دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە، ڕێژیممان بۆ بگۆڕێت، بەڵکوو مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دیانهەوێ ئەو ڕێژیمە بگۆڕن و خەڵکی ئێران گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە ئەو بارودۆخەیان ناوێ. خۆپیشاندانەکان و هاتنەسەر شەقامی خەڵک لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو و ئەو دروشمانەی کە درا نیشاندەری ئەوەیە کە خەڵکی ئێران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێ ئەو ڕێژیمە لەسەرکار نەمێنێت.

هیجری باسی لەوە کرد، داوای ئێمە لە ئامریکا و ئورووپا ئەوەیە کە نابێ ئەو واقعیەتە قەبووڵ بکەن و بەجێی ئەوەی کە لە دوای ئەوە بن ڕێگایەک بدۆزنەوە لەگەڵ ئێران مامەڵە بکەن، بەڵکوو لە دوای ئەوە بن کە ڕێگایەک بدۆزنەوە یارمەتی خەڵکی ئێران بدەن کە ئەو ڕێژیمە بگۆڕن. هەروەها بیر لەوە بکەنەوە کە لەگەڵ دەوڵەتی داهاتووی ئێران، لەگەڵ سیستمێکی نوێ کە جێگرەوەی ئەم ڕێژیمە دەبێت چۆن تەعامووڵ بکەن.

لەو پێوەندییەدا "ئارش ساڵح" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا لە پێوەندییەکی تەلەفوونیدا بە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"ی ڕاگەیاند، لەم چاوپێکەوتنانەدا بۆ حیزبی دێموکرات دەرکەوتووە کە ناسین و تێگەیشتنی سێناتۆر و کۆنگرێسمەنەکانی ئامریکا بەنیسبەت مەسەلەی کوردستان باشە و ئەوان هاوسۆزییەکی باشیان بە نیسبەت مەسەلەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە؛ نوێنەی حیزبی دێموکرات دەسکەوتەکانی ئەو سەردانەی لە کۆنگرەی ئامریکا زۆر ئەرێنی وەسف کرد و ڕایگەیاند: ئێمە توانیومانە وەکوو حیزبی دێموکرات هاوکارییەکانی سێناتۆر "روبیۆ" بۆ داهاتووی پێوەندییەکانمان لە ئامریکا مسۆگەر بکەین و ئێمە دڵنیاین وەکوو حیزبی دێموکرات کە لە داهاتوودا سێناتۆر ڕوبیۆ یاریدەرێکی باشمان دەبێت بۆ ئەوەیکە بتوانین پێوەندییەکانمان لە ئامریکا پتەوتر بکەین.

هەر لەو چاوپێکەوتنانەدا کۆنگرێسمەن "برایان مەست" بە لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی ڕاگەیاند کە تێگەیشتنی ئێمە بە نیسبەت ڕابردوو و ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران تێگەیشتنێکی زۆر لە یەک نزیکە و هەروەها ئەو شێوازەی کە بەڕێزتان داهاتووی ئێران شی دەکەیەوە زۆر نزیکە لەو داهاتوویەی کە من بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەرچاوی دەگرم.

لە کۆتاییدا کۆنگرێسمەن "مەست" پشتیوانی خۆی لە دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە ئێمە لەگەڵ ئێوەین و هیواخوازین ئێوە بە ئامانجەکانتان بگەن.

هەر لەم دیدارەدا لێپرسراوی گشتیی حیزب لەگەڵ دوو ئیدارەی جیاوازی ئەم وەزارەتخانەیە کە بریتی بوون لە "ئۆفیسی ئێران" و "بەشی مافی مرۆڤ و دێموکراسی" کۆبوویەوە و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و داهاتوی ئێران و ئەو ڕۆڵەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داهاتوودا دەیگێڕێ، خرانە بەر باس.

بەپێی هەواڵەکان خاڵی جێگەی سرنج لەم دانیشتنانەدا ئەوە بوو کە بەپێچەوانەی دانیشتنەکانی پێشووتر کە زیاتر گرینگی بە لایەنی مافی مرۆیی دەدرا، ئەمجارەیان چەقی باسەکان بریتی بوون لە کۆمەڵێک پرسی سیاسی گرینگ و شوێندانەر لە سەر ئێران و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەسەر داهاتووی ئێران.

لەم دانیشتنانەدا لایەنی ئامریکایی زۆر بە وردی پرسیاری بارودۆخی کوردستانی ئێرانیان لە لێپرسراوی گشتیی حیزب کرد؛ هەروەها وەفدە ئامریکاییەکان خوازیاری بیستن و بینینی ویست و داواکارییەکانی گەلی کورد بوون کە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە بە وردی وڵامیان درایەوە.

پێویستە بگوترێت ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا لایەنی سیاسی کوردستان بووە کە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئامادە بووە لەگەڵیدا دابنیشێ، بەڵام لێپرسراوی گشتیی حیزب وێڕای ئاماژە بە بوونی پلۆرالیزم و فرەحیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای لە لایەنی ئامریکایی کردووە کە لەگەڵ کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن کۆمەڵێک داواکاریی ڕەوا بە بوونی چەندین حیزب و لایەنی سیاسی جیاواز مامەڵە بکرێت و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک خۆیان بگیردرێنە بەر چاو.

ڕۆژی دواتر واتە شەممە ٢٦ی جۆزەردان بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ دەزگای بلومبێرگ و ناوەندیی وێلسۆن کۆبوویەوە؛ بەڕێزیان لە دانیشتن لەگەڵ دەزگای بلۆمبێرگدا بەوردی وڵامی هەواڵنێری بلۆمبێرگی دایەوە و ئامانج لە سەفەرکەی بۆ ئامریکا و دۆخی ناوچە و ئێران و کوردستانی بۆ شی کردنەوە.

لە دانیشتن لەگەڵ وێلسۆن سەنتەریشدا ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێک لە لێکۆڵەرانی ئەم ناوەندە، ئەم باس و بابەتانەی شرۆڤە کرد: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان.

لەم چاوپێکەوتنەدا لێپرسراوی گشتی باسی لەوە کرد کە سەرەڕای ئەوەیکە لە ڕابردوودا تەنیا شاخەکانی کوردستان دۆستی کورد بوون بەڵام ئێمە وەک کورد سەلماندوومانە کە کوردەکان تەنیا خۆیان پشت و پەنای خۆیانن؛ بۆوێنە کاتێک لە بەشێکی کوردستاندا کارەساتێک ڕووی داوە گەلەکەمان تەنیا شوێنێک کە پەنایان بۆ بردووە باوەشی خوشک و براکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بووە؛ ئەم ڕاستییەش چەندین جار لە مێژوودا دووپات بووەتەوە و ئێمە هیچ کات یەکترمان بەجێ نەهێشتووە.

پاش ئەنجامدانی سیمینارێکی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتی ئامریکا لە ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردان،ڕۆژی دواتر بەڕێزهیجری بەشداری لە پرێس‌کۆنفرانسێکدا کرد کە لە ئەنستیتۆی کورد لە واشینگتۆن بەڕێوە چوو و تێیدا کۆمەڵێک ڕۆژنامە و دەزگای میدیایی بیانی و ئامریکایی ئامادە بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا بەڕێز هیجری کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە کوردستانی خستە بەرباس و دواتر ڕۆژنامەوانان و میدیاکاران پرسیارەکانیان ئاراستەی لێپرسراوی گشتیی کرد کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وڵام درایەوە.

لێپرسراوی گشتیی لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی شپرزی ژیان لە ئێران بەتایبەت لەباری ئابوورییەوە کرد و ڕایاگەیاند کە ئەم ڕەوشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت؛ هەروەها باسی لەوە کرد کە گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵک زیاتر بووەتەوە و ئێعدام و سەرکووت و زەبروزەنگ گەیشتووەتە چلەپۆپەی خۆی و ئێرانییەکان ئەمڕۆکە هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم ڕێژیمە هەڵگری ڕێفۆرم نییە و ناتوانێ چاکسازی لە خۆیدا بکات.

دواتر لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە مەبەستی ئێوە لە سەفەر بۆ ئامریکا چییە و دەتانهەوێ چ پەیامێک بە ئامریکاییەکان بدەن، بەڕێز هیجری وتی: ئێمە دەمانهەوێ بە ئامریکاییەکان بڵێین ئێوە چ بتانهەوێ چ نەتانهەوێ خەڵکی ئێران هەنگاو بۆ گۆڕین و ڕووخانیی ڕێژیم هەڵدێننەوە؛ خۆپیشاندانەکان، مانگرتنە جۆربەجۆرەکان توندتر دەبنەوە و درووشم و داخوازەکانی خەڵک زیاتر ئاراستەی ڕووخاندنی ڕێژیمیان گرتووەتەخۆ؛ وتیشی ئێمە نامانهەوێ ئامریکا بچێت ڕێژیمان بۆ بڕووخێنێت یان بیگۆڕێت و هێرش بکاتە سەری بەڵکوو ئێمە داوامان ئەوەیە کە ئامریکا ئەو هەڵانەی کە لە سووریە کردی لە ئێراندا دووپاتی نەکاتەوە؛ لەمبارەوە شی کردەوە بەشدارنەبوونی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە سووریە وای کرد کە سوریە ببێت بە جێگەیەکی گونجاو بۆ چالاکی ڕێژیمی تاران و هێزە تێرۆریستییەکان و لە کۆتاییدا سوریە بەرەو ئەو ئاقارە بچێت کە ئێستا دەیبینین؛ بۆیە ئەگەر وڵاتە دێموکراتیکەکان لە ئێستادا بەشداری گۆڕانکارییەکانی ئێران نەبن ڕەنگە ئاقاری گۆڕان لە ئێرانیش بگۆڕدرێ و لە کۆنترۆڵی هێزە دێموکراتیکەکان بچێتە دەرێ.

دواتر هەواڵنێری فرانس‌پرێس پرسی ئێمە ئامریکامان بینی کە لە عێراق و سوریە کوردەکانی بەکار هێنا لەدژی داعش بەڵام لە کۆتاییدا خەیانەتی بە کوردەکان کرد و پشتیانی نەگرت. ئێوە چ گەرەنتییەک دەبینن کە ئامریکا بەشێوەی ئامرازی کەڵک لە ئێوەش وەرنەگرێت و لە نیوەی ڕێگەدا لەگەڵ ئێران ڕێک کەویت و پشتی ئێوە چۆڵ بکات؟ بەڕێز هیجری وڵامی دایەوە: ئێمە خەباتی خۆمان لەدژی کۆماری ئیسلامی زۆر پێش لەوەیکە ئەم بابەتانە بێتە ئاراوە دەست پێکردووە و بەردەوامیش دەبین؛ چ ئامریکا هەبێ و چ ئامریکا نەبێ ئێمە درێژە بە خەباتەکەمان دەدەین و واز لە ویست و داواکاری و ڕێگەکەمان ناهێنین. ئەو هێزەی کە ئێمە پشتی پێ دەبەستین تەنیا و تەنیا خەڵکی خۆمانە، نە یەک وشە زیاتر و نە یەک وشە کەمتر! ئەوەیکە ئێمە لێرە دەمانهەوێ بیکەین ئەوەیە کە فاکتەرە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ خۆمان هاوڕا بکەین و بە شێوازێک کاریگەریمان هەبێ لەسەریان کە بە قازانجی ئێمە بجوڵێنەوە ئەگینا ئێمە قەت لە چوارچێوەی خەباتەکەماندا پشتمان بە ئامریکا نابەستین، وتیشی ئێمە وەک هێزێک سەیری ئامریکا دەکەین کە لە بەها گشتییەکاندا لەگەڵیان هاوبەشین بۆیە دەبێ یەک ئاقارمان هەبێ.

هەروەها لە یەکێکی دیکە لە چاوپێکەوتنەکانیدا بەڕێز هیجری دامەزراوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە واشینگتۆنی بەسەر کردەوە کە تێیدا باسی لە دوایین گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران کرد و وتی: ئەوە زۆر گرینگە کە شێوە ڕوانینی ئێمە بۆ کوردستان و ئێران لێرە دەنگ بداتەوە چوونکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، تەنک‌تینکەکان و سیاسییەکانی ئامریکا لەهەمبەر کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

لوقمان میهفەر

## کۆماری ئیسلامی و سڕینەوەی ئارەقی نێوچاوان



سیاسەتی گشتی و نەخشە ڕێگای دیپلۆماتیکی ئامریکا لە ڕاستیدا بە مەبەستی بەربەرەکانێ، کۆنترۆڵ و مەهارکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لەو پێوەندییەدا " مایک پۆمپیئۆ " وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڕێکەوتی ٢١ی مەی ٢٠١٨ی زایینی کە زیاتر لە ٢٠٠ دیپلۆماتی بیانی نیشتەجێ لە " واشینگتۆن " تێیدا بەشدار بوون، ناوبراو زۆر بە وردی نییەت و هۆیەکان و ئامانجی دەوڵەتی" ترامپ " بۆ پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ فەرمی لە ڕاستای پەرەپێدانی گووشارەکانی سیاسی و مالّی بە دژی حکوومەتی تاران بەدرووست زانی . هەروەها بۆ بەرگری کردن لە هەر جۆرە هاوکاری و ڕێککەوتنێکی یەکێتی ئوروپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ڕاستای پاراستن و مانەوەیان لە بەرجام دا تێدەکۆشێ . بەسەرنج دان بە ئامانجی ئەسڵی گەلاڵەی کەڵانی "مایک پۆمپیئۆ" نێوەڕۆکی گەلاڵەکە لەو خالانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن .

١-هەوڵدان بۆ بنبڕ کردنی سەرچاوە ماڵییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە کەڵکی خراپی لێوەردەگرێ.
٢-گوشار هێنان بۆ وەدەرنانی ئەو دەستە و تاقم و میلیشیانەی کە لە تێکهەڵچوونە مەیدانییەکانی نیزامی لە ناوچەدا ڕۆڵی ئەرێنییان هەیە و بوونیان بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە لە ناوچەکەدا
٣-سەپاندنی بارودۆخێکی سەخت بەسەر سپای پاسداراندا کە نەتوانێ درێژە بە درووستکردنی سیستمی مووشەکی بدا و لە لایەکی دیکەوە تێکۆشانی سپا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنووردار بکات

بەو جۆرە دەبینین بە بوونی گوشارەکانی دەوڵەتی ترامپ کۆماری ئیسلامی لەسەر دوو ڕێیانییەک ڕاگرتووە:
١-قەبووڵ کردنی هەموو مەرجەکانی ئامریکا؛ لەو حاڵەتەدا ڕێککەوتننامەیەکی دیکە سەر لە نوێ لە چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و بە زیانی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ
٢-هەڵوەشانەوەی بەرجامەکە؛ ئەوەش دەبێتە هۆی سەر لە نوێ دانانەوەی گەمارۆکان کە لە ئاکامدا ژێرخانی ئابووری ئێران بەرەو دارمان دەبا و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا پەراوێز دەخرێ.

لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەموو هیوایەکانی لەسەر بنەمای پێوەندی هاوکاری لەسەر بوونی یەکیەتی ئەورووپا و دۆستەکانی (چین ، رووسیە) دانا بوو کە لە کاتی دەرچوونی ئامریکا لە بەرجام ئەوان بە پابەندبوونیان بەمانەوە لە بەرجامدا بتوانن لە زیانە مالّی و سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی کەم بکەنەوە، کەچی کورد کوتەنی" تێکوشین بە هیوای جیران ئیشکە ". بۆ نموونە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکیەتی ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوای باڵکان کە لە ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی لە سووفیا بەڕێوە چوو لە پەراوێزی وتووێژی ئەسڵی بەیاننامەکەدا پێویستی پاراستنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانیان پەسند کرد بەڵام لە بەرانبەر داواکاری کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە گەرەنتی مانەوەی ئەورووپاییەکان وەک مەرجی مانەوەی تاران لە بەرجامدا بێدەنگیان لێ کرد .

لەو پێوەندییەدا تاران تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هاتووە، نیگەرانییەکەش لە جێی خۆیدایە چوونکە لەدەست چوونی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی ئەورووپا هەروەها لە کیس چوونی دەرفەتی هاوبەشی کۆمپانیاکانی ئوروپا لە گەلاڵەی ئابووری ئێران دا دووبارە بوونەوەی ئەو دۆخە سەختە سەر لە نوێ دژوارتر دەکات . لەوەی لە ساڵی ٢٠١٣ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە بە نهێنی لەگەڵ ئامریکا وتووێژ بکات دەرئەنجام واژۆ کردنی ڕێکەوتن نامەی ئەتۆمی ١٥ی ژووئییەی ساڵی ٢٠١٥ لێکەوتەوە . دوای ئەوەیکە ئامریکا لە بەرجام هاتەدەر لەو ماوە کورتە زەمەنییەدا دۆخێکی خوڵقاند کە سەرانی کۆماری ئیسلامی خستە نێو گێژاوەوە کە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە یان تەسلیم بوونی بێ قەید و شەرت یان خۆکوژی و یاری کردن بە ئاورە کە هیچ کامیان بە قازانجی دەسەڵاتدارانی ئێران نییە بەڵام بە هەڵسەنگاندنی شارەزایانی بواری سیاسەت و زانستی ئابووری، سەرانی تاران ناچارن لە دواساتەکانی پەلەقاژەی مەرگدا تەسلیمی ویست و داخوازەکانی ئامریکا بن و هەتا مل ڕادەکێشن بۆ ڕێککەوتن و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکی دیکە کە بە تەواوی لە بەرژەوەندی ئامریکا و بە زیانی کۆماری ئیسلامییە؛ کەوابوو ئەوجاریش ڕێبەری ڕێژیم جامی ژەهر دەنۆشێ و بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوی و شەرمەزارییەوە ئارەقی نێوچاوان دەسڕنەوە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسایەتی بکەن خەڵکی ئێران لە نەهامەتیدا دەهێڵنەوە، بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە هیچ جۆر ڕەوا نییە ئەوە قەبووڵ بکەن چوونکە نەهامەتی و چارەڕەشییەک کە ماوەی چوار دەیەیە بەرۆکی خەڵکی ئێرانی بە گشتی گرتووە ئاکامی سیاسەتی چەوت و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە؛ کەوابوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی لەو نەهامەتییە ڕزگاری بێت دەبێ سێبەری کۆماری ئیسلامیان لەسەر نەمێنێ. ئەوەش پێویستی بە یەکیەتی و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران هەیە کە بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە دژی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆڕ و خوێنمژە، بە زنجیرە مانگرتن و خۆپیشاندانی بەردەوام کە دەرئەنجامەکەی ڕاپەڕینێکی گشتی سەرانسەری لێدەکەوێتەوە کە چۆک بە زۆرداری دادەدات و ئیرادەی گەل سەردەکەوێ و بۆ جارێکی دیکە دەرگای ئاشتی، ئازادی وئارامی بەڕووی خەڵکی مەینەت بەشی ئێراندا دەکرێتەوە .

# چین و رووسیە چاوەڕێی ئەم هەڵەیان دەکرد



کەیوان دروودی

لەدوای هاتنەدەرەوەی ئامریکا لە گرێبەستی بەرجام و گەڕاندنەوەی بەشێک لە گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی تاران، رایەدارانی ئەو ڕێژیمە هەنگاو بە هەنگاو خەریکی جێبەجێکردنی ئەجێندای دڵخوازی ئامریکان و ئەم ڕەوتە دەسبەجێ دەستی پێکرد و هەنووکە بە ڕەوتێکی خێراتر درێژەی هەیە.

وەک چاوەڕوان دەکرا خامنەیی کە پێشتر هەڕەشەی ئاگرتێبەردانی گرێبەست و پەیماننامەکەی دەکرد، ئێستا خەریکە لەو هەڵوێستە بە نەرمی دوور دەکەوێتەوە و لە حاڵێکدا بە قسە وادەنوێنێ کە مل داناکێشن، لە کردەوەدا بەروونی پاشەکشە لە ناوچە و گۆڕان لە هەڵسوکەوتیدا وەدیار دەکەوێ.

لێدانی بنکەی لقەکانی سەر بە سپای قودس لە لێوارەی ڕۆژئاوای سووریە لە لایەن ئەرتەشی ئیسرائیل و بێدەنگیی ئێران، هاوکات لەگەڵ هاتنەدەرەوەی ئامریکا دەستی پێکرد. ئەمە یەکەم نیشانە بوو کە ڕێژیم تووشی شۆکێکی دەروونی بووە و دەستەوەستان ماوەتەوە.

دوای ئەمەش ئەم ڕەوتە لە باشووری سووریە درێژەی هەبوو و هێزەکانی ئێران دەستیان کرد بە چۆڵ کردنی ئەو رووبەرەی کە ئیسرائیل وەک ناوچە جێ مەترسییەکان ناویان لێ دەبرد. لە سووریە گۆڕانی هەرە گەورە ئەوە بوو کە ڕێژیم هێزەکانی خۆی لە بنکە تایبەتەکانی دەرکرد و لە قووڵایی خاکی سووریە جێگیریانی کرد.

بەم پێیە ئەوەی ئیسرائیل هەتا ئێستا گەرەکی بووە لە لایەن سپای قودسەوە جێبەجێ کراوە، بەڵام لە یەمەن چ باسە؟ هەر لەدوای هاتنەدەرەوەی ئامریکا و هاوکات لەتەک ئەو گۆڕانەی لە سووریە دیتمان، لە یەمەنیش بەرەوپێشچوونی هاوپەیمانییەتی عەرەبی بە ڕێبەریی عەرەبستان ڕەوتێکی خێراتری بەخۆیەوە گرت و لە ئێستەدا وەک باس دەکرێ بەندەری "الحدیدە" کە خاڵێکی هەرە ئیستراتیژیکە لە لێوارە ئاوییەکانی ئەو وڵاتە، بە تەواوی لەژێر دەستی حووسییەکان کە ڕێکخراوێکی میلیشیایی سەر بە ئێرانن دەرهێنراوە؛ ئەمە ئەو گومانە دروست دەکات کە ئێران پاڵپشتیی خۆی لەو هێزە تێرۆریستییانە ڕاگرتووە.

لە عێراقی دوای هەڵبژاردنیش کە لەمەودوا لەژێر سێبەری مەرجەعییەتی موقتەدا سەدردا دەبێت، میلیشیای حەشد ناتوانێ وەک جاران ئەسپی خۆی تاو بدات و لە گەشبینانەترین حاڵەتدا، قاسم سولەیمانی بەلانی زۆرەوە دەتوانێ تاکوتەرا لە ناو پارلمانتارەکانی سەربەخۆیدا کاریگەری لەسەر بڕیارات و ئەجێندای عێراق دابنێت. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە بڕێک لە حیزبە کوردییەکانیش ناڕاستەوخۆ و بەپارێزەوە ئاماژەیان بە دەستێوەردانی بەدەر لە یاسا و تێکدەرانەی سپای قودس لەو هەڵبژاردنەدا کردبوو، بەڵام ساختەکاریش نەیتوانی سێبەری ئێران بەسەر عێراقدا رابگرێ و دوای گەشتی سیاسی و دیپلۆماتیکی برێت مەکگۆرگ، هەندێک لە هێزەکانی عێراق کە تا رادەیەک سەربەخۆیی بڕیاریان لەژێر هێژمۆنیی ئێران، پاراستبوو، کەوتنە پەلەقاژە بۆ دەرهێنانی عێراق لەژێر چنگی خامنەیی و مەرجەعییەتی قۆم و ئەمەش ئاسۆی دوارۆژی لە ویلایەتی فەقیە لێڵتر کرد.

ئەم بابەتە لە ئەفغانستان ڕێک بەپێچەوانەوە بوو و هەر لەو گێروداوەدا، بەرپرسی تەناهی و ئەمنییەتی ویلایەتی "فەراه" کە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە هەڵکەوتووە، دوای کەوتنی بەشێکی بەرچاو لە ویلایەتەکەی بە دەستی میلیشیاکانی تاڵەبان، رایگەیاند کە بۆیان دەرکەوتووە سپای پاسداران هێزی پشتی جەبهەی تاڵەبان بووە و ئەمەش وای کرد کە ئامریکا هێزەکانی بخاتەگەڕ بۆ پێشگیری لە پێشڤەچوونی زیاتری ئەو هێزانە. لەوانەیە هۆی سەرەکیی ڕووکردنە ئەفغانستان لەلایەن ئێرانەوە، ئەوە بێت کە پارسەنگی هێز بۆ ئێران لە سووریە و یەمەن، لەدوای ئەوەی ئامریکا بەفەرمی پشتیوانیی لە سعوودیە و ئیسرائیل کرد گۆڕدرا و بەو پێیەش ئەگەری ئەوەیکە ئەم دوو وڵاتە پێکەوە و بە پاڵپشتیی ئامریکا دەست بدەنە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش، لە جاران جیددیتر بووەتەوە.

بەهەرحاڵ ڕێژیمی ئێران لای وایە ئەفغانستان وڵاتێکە کە بەهۆی دۆخی نالەبارییەوە دەتوانێ جێگەی سووریە و یەمەن و تا ڕادەیەک عێراقیش بۆ برەودانی هێژۆنیی سیاسیی فاشیزمی مەزهەبییان پڕ بکاتەوە. ئەمە وادەکات کە ڕێژیمی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێران مەیدانی مانۆڕی ـ هەرچەند کزتر لە جاران ـ لە دەرەوەی سنوورەکان بپارێزێ، بەتایبەت کە لە دوازدە خاڵی ڕاگەیەندراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدیاریکراوی باس لەوە کراوە کە دەبێ میلیشیاکانی ئێران دوو وڵاتی سووریە و یەمەن جێبهێڵن.

بەم پێیە، ڕێژیمی ئێران کە مامۆستای دۆزینەوەی دزەڕێگە و دەوردانی یاسا و ڕێسای سەر کاغەزە، خەریکە گۆڕەپانی بۆ وڵاتێکی‌تر بگوازێتەوە و دەبێ چاوەڕوان بین کە ئاخۆ ئەجێندای ئامریکا جارێکیتر دەگۆڕدرێ، یاکوو ئیدارەی ترامپ بە وازهێنانی سوپای قودس لە دوو هاوپەیمانی ناوچەیی (ئیسرائیل و سەعوودیە) رازی دەبێت!

لەماوەی رابردوودا سەرۆکی ئامریکا چەند جار ئاماژەی بەوە داوە کە هەڵسوکەوتی ئێران گۆڕاوە، بەڵام بەروونی راینەگەیاندووە کە ئاخۆ ئەم گۆڕانە بەلای ئەوانەوە ئەرێنییە یان نەخێر! کەوایە هێشتا دیار نییە ئامریکا لە درێژخایەن گەرەکیەتی چ ڕێوشوێنێک لە هەمبەر ویلایەتی فەقیە بگرێتەبەر. ئەوەی روونە ئەوەیە کە ئەم بابەتە موڵتی فاکتۆرە و ئەجێندای ئامریکاش لە چوارچێوەی ئەم فاکتانە خۆی دەبینێتەوە.

بۆ نموونە سازانی کۆرەی باکوور و ئامریکا کە لە هەنگاوی دەسپێکدا زۆر قورس و قایم دیارە، دەتوانێ کار بکاتە سەر ڕێڕەوی کۆشکی سپی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت بەرنامەی داهاتووی بۆ لەقاودانی سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

هەندێک لە شرۆڤەکاران لەمبارەوە لایان وایە کە جێبەجێ کردنی دوازدە خاڵی ئامریکا لای ئێرانەوە، بەکردەوە دوور لە چاوەڕوانییە؛ بەو واتایە کە ئەگەر جێبەجێ بکرێن ئەوە ویلایەتی فەقیە مان و مەوجوودییەتی دەکەوێتە مەترسیی جیددییەوە، بەڵام پێشینەی ئێران ئەوە دەردەخات کە ملداکێشانی لەم کاتوساتە لەرووی ناوخۆیی دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سەقامگیرییەکی هەندەکی و بڵاوبوونەوەی هیوای کۆمەڵایەتی و ئەمەش بۆ ماوەیەکی دڵخوازی دەسەڵات کەفوکوڵی بزووتنەوەیەکی جەماوەری دەنیشێنێتەوە. بەهەر حاڵ ڕێژیمی ئێران لەسەر دوو سەرچاوەی هێز خۆی ڕاگرتووە، یەکێکیان پێشخانی فاشیزم و هەڵاواردنی ریشە داکوتاو لە دوو ئاستی حکوومەتی بەدەنەی کۆمەڵایەتییە و ئەویتریش بەستراوەیی و ملداکێشانە بە هێزی دەرەکی. ڕەهەندە ناوخۆییەکە بەجیددی کار بۆ پێشگیری لە شۆڕش و گۆڕانێک دەکات کە دەسکەوتەکانی لە کیس نەچێ و هێزە دەرەکییەکەش کە بریتییە لە رووسییە و چین لەدوای ئاوابوونی کەیسی کۆرەی باکوور و هێزگرتنی هێژمونیی ئامریکا، هەر پەلەقاژەیەک دەکەن هەتاکوو خامنەیی و پێکهاتەی ئێستەی دەسەڵاتی سەر جوغرافیای رابگرن. بەتایبەت کە دوای کشانەوەی سەرمایە دەرەکییەکان چین دەتوانێ دەست بەسەر نەوتی ئێراندا بگرێت. هەروەها رووسەکان کە لە مێژوودا پسپۆڕی بەکایە گرتنی دەسەڵاتەکانی سەر جوغرافیای ئێرانن، دەتوانن ئەم هەلە بگوازنەوە و زۆرتر لە جاران پووانی ژێربەژێر و ئاشکرا وەربگرن. مەترسییەکە ئەوەیە کە هەرچەند ئێران لەم دۆخەدا بمێنێ ئەوان دەتوانن زیاتر و زیاتر کەڵکاژۆ بکەن و سامان و دارایی گشتیی گەلانی ناو ئەم جوغرافیایە لەبەر نەپاراستی پارسەنگی هێز و نەبوونی تەعامولی تەندروستی دەرەکی لای فاشیزمی ئایینی و قەومیی ئێرانی، وەربگرن. سەرەتای ئەم هەرزانفرۆشییە لە هانا بردن بۆ کۆمپانیای نەتەوەیی چین و داخوازی بۆ وەرگیران لەلایەن ڕێکخراوی شانگهای دەستی پێ کردووە و وەک دیارە لە لایەن چینییەکانەوە ئەم چۆکدادانە بە واتای دەسکەوتی زیاترە و بە دڵنیاییەوە ئەم سامانە بەپیتەی گەلانی ئێران بۆ چینییەکان دەرفەتێکی زێڕینی ئابووری و هەلێکی لەباری ژێئۆپۆلیتیکە و بە هەر لەونێک بێت ناهێڵن لە کیسیان بچێ.

هەرچۆن بێت، ئەم دەسەڵاتە لە دەرەوە تەریکتر دەکەوێ و لەرووی ناوخۆییش دینامیزمێکی نوێ هاتووەتە کایەوە و ئەگەرچی بەخاوی بەرەوپێش دەچێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هێز دەگرێت. نەوەیەکی نوێ کە هەموو سێناریۆیەکی تاقی کردووەتەوە و لە نۆرمگەلی کۆمەڵایەتیی وەک شێوەژیان، دەربڕین و باوەڕەکانەوە هەتاکوو تێگەیشتنی لە بەرژەوەندیی گشتی پێچەوانەی ئیدەئالەکانی دەسەڵاتە.

# ژینگەی وڵاتی ئێران و کوردستان و شەڕی کۆماری ئیسلامی



ن: کامبیز فاتحی

وەرگێڕان: ئارمان حسەینی

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تاکوو ئێستا نەتەنیا هۆکاری کۆمەڵکوژی خەڵکی ئێران و کوردستان بووە، بەڵکوو ئاو، هەوا، خاک و بەگشتی ژینگەی وڵاتیش لە شەڕی ئەم حکوومەتە سەرەڕۆیە لە ئەماندا نەبوون. بە شێوەیەک کە پانتایی و قووڵیی ئەم کاولکارییەی ڕێژیم زۆر بە روونی خۆی دەردەخات. تەنانەت ئەو بەڕێوەبەرانەی کە خۆیان هۆکاری ئەم کاولکارییە بوون لەرووی ناچاری و ترسی شۆڕشی خەڵکەوە دان بەو هەڵانەی خۆیاندا ناوە. گرنگی ئەم کاولکارییە سیستماتیکەی ژینگەی ئێران لەم رووەوە زۆرتر خۆی نیشان دەدات کە، ئەم هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لەسەر خودی وڵات بەڵکوو وڵاتانی جیرانیشی تووشی خەساری ئێگجار زۆر کردووە و کەشوهەوا و ژیانی تەواوی گیانلەبەرانی وڵاتانی ناوچەکەی بە تەواوەتی خستووەتە مەترسییەوە. کاتێک خومەینی رایگەیاند کە شەڕی هەشت ساڵە بۆ ئێمە نێعمەت بووە، مەبەستی ئەو تەنیا بە کوشتدانی خەڵکی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە نەبوو، بەڵکوو تەواوی ئەو کاولکارییانە بوو کە بە سەر ژینگەی ئێران و ناوچەکەدا هاتبوو. رێک لە دوای خواردنەوەی جامی ژەهر و کۆتایی هاتنی شەڕ، هەر ئەو سپاییانە راسپێردران بۆ دروست کردنی بەنداوە وێرانکەرەکانی ژینگەی ئێران و ناوچەکە. لێرەدا پێویستە کە بوتری دروست کردنی ئەم بەنداوانە دەبێت بچێتە خانووی ژینوسایدی ژینگەییەوە کە بە هاوکاری وڵاتی تورکیە دروست کراون و ئەم دوو وڵاتە زیاتر لە ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ بەنداوی گەورە و چووکەیان لە سەر رووبارەکانی ئەم ناوچەیە دروست کردووە. ئامانج لە دروست کردنی ئەم بەنداوانە کە بە تایبەتی بەمەبەستی سیاسی و بە بێ لەبەرچاوگرتن و توێژینەوەی ژینگەناسی و هەروەها زانستی، دروست کردنی ئەم بەنداوانە لەم ناوچە هەستیارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە هۆی وشک بوونی میلیۆنان هێکتار لە زەوی و مەزراکانی بەردەم ئەم بەنداوانە و هەروەها ئەو تاڵاوە جوانانەی کە لە وڵاتانی ئێران و عێراقدا هەبوون. لەم ساڵانەی دواییدا رەشەبای تۆز و خۆڵ کە بە هۆی وشک بوونی ئەم تاڵاوانەوە دروست بووە هۆکاری سەرەکی پیس بوونی کەشوهەوای ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و وشک بوونی دارستانەکانی زاگرۆس وناوەندی زاگرۆس بووە. کاری چاوەدێری و دروست کردنی بەنداوەکانی تورکیە بە ئەستۆی (DSI) بووە، بە وتەی کارناسانی بەنداوسازی وڵاتی تورکیە، وەزیران و کارناسانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەندە لە زانستی کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی ئاو ناشارەزا و بێ سەواد بوون کە تەنانەت لە کاتی بەستنی رێککەوتننامەی ئاوە سنوورییەکان نێوان هەر دوو وڵات نەیاندەزانی کە سووڕانی زەوی و مەسیری هەوا بە زۆری لە لای تاڵاوە وشک کراوەکانی ناوچەکەوە دێن. لە راستیدا دەبێ بڵێین کە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی

**لە راستیدا دەبێ بڵێین کە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هۆکاری کاولبوونی ژینگەی ئێران و بە تایبەت لێوارەکانی وڵاتی عێراق بە رووی ئێرانەوەیە**

هۆکاری کاولبوونی ژینگەی ئێران و بە تایبەت لێوارەکانی وڵاتی عێراق بە رووی ئێرانەوەیە. بە دەستی خۆیان گیانی خەڵکی بێ پەنای ئێرانیان بەرەوڕووی مەرگ و وێرانی کردووەتەوە و ئێران خەریکە بەرەو بوون بە وڵاتێکی بیاوانی دەچێ و خەڵکی رەنج بەخەساریش بە ناچاری روویان لە وڵاتانی تر کردووە. بە وتەی زۆرێک لە کارناسانی زانستی ئاو و ژینگەناسانی ئێران ئەگەر تورکیە لە بەنداوی ئیسلیسوو ئاوگیری دەست پێبکا، دەبێتە هۆی کەم بوونی ئاوی دیجلە و لە کۆتاییدا کەم بوون یان قەتع بوونی ئاوی هورۆلعەزیمی لێدەکەوێتەوە و بە وشک بوونی تەوایوی ئاوی هورۆلعەزیم، ئەم رووداوە ترسناکە روودەدات.

عیسا کەلانتەری کە ئێستا سەرۆکی رێکخراوی ژینگەپارێزی ئێرانە چەند ساڵ پێش رایگەیاند کە ٧٠٪ ئێران خەریکە دەبێتە بیاوان و نزیکەی ٥٠ میلیۆن کەس بە هۆی بێ ئاوییەوە دەبێت ئێران بە جێ بێڵن. چەند رۆژ پێشیش پرۆفیسۆر کوردەوانی باوکی زانستی بیاوانناسی ئێران رایگەیاند کە لە ئێراندا شەڕی ئاو لە نێوان خەڵکی شارەکان و پارێزگاکان دەستی پێکردووە و ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران بەرەوڕووی مەترسی بووەتەوە و ناوەندی دەنگ و رەنگی حکوومەتیش هەواڵی شەڕ لە سەر ئاویان بڵاو کردووەتەوە.

ناسا لە راپۆرتێکدا کە چەند ساڵ پێش بڵاوی کردبووەوە، پێش بینی کردبوو کە ئێران بۆ نزیکەی ٣٠ ساڵ توشی وشکەساڵی دەبێت و ئێستا ئەم وڵاتە لە ناو هەشتەمین ساڵی وشکەساڵیدایە.

### داتەپینی زەوی لە وڵاتی ئێران

بێجگە لە وشکەساڵی و کەم بوونی ئاو، ئێران ئێستا لەگەڵ کارەساتێکی‌تر کە زۆر خراپترە لە وشکەساڵی و شەڕی ئاو بەرەوڕوویە ئەویش داتەپینی زەوییە. داتەپینی زەوی لە راستیدا قۆناغی دوای وشکەساڵییە کە بە هۆی کەلکی لە رادەبەدەری دیاریکراو و ستاندارد لە ئاوەکانی ژێرزەوی لە یەک ناوچەدا دروست دەبێت. لەم حاڵەتەدا خاک تایبەتمەندی "تخلخل" و "اسفنج مانند"ی خۆی لە دەست دەدات و بە هۆی زەختی زۆری توێژەکانی سەرەوەتری گۆی زەوی، زەوی توشی داتەپین دەبێت. داتەپینی زەوی زۆرترین زەرەری بە ئاوخانە و ئاوەکانی ژێرزەوی وڵات و هەروەها بە تەواوی دامەزراوەی ژێرخانی شارەکان دەگەیەنێ، کە لە زۆر حاڵەتدا قەرەبووکردنەوەیان مەحاڵە. لە ئێستادا دەشتەکانی ئێران بە هۆی ناکارامەیی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت لە مودیریەتی سەرچاوەکانی ئاو، لە ئاستی جیهانیدا زۆرترین حاڵەتی داتەپینی زەوییان بە نیسبەت وڵاتانی ترەوە هەیە. لە ئێستادا نێونجی داتەپینی زەوی لە ئاستی جیهاندا نزیک ١ تا ٤ میلیمەترە، لە کاتێکدا لە هێندێک لە دەشتەکانی ئێران بە هۆی کەڵکوەرگرتنی لە رادەبەدەری ئاو لە ئاوخانەکانی ژێرزەوی، داتەپینی زەوی بە ٥٤ سانتیمیتریش گەیشتووە کە رێکۆردی تۆمارکراوی پێشوو کە ٣٢ سانتیمیتر لە ویلایەتی مەکزیکۆی ئامریکا بوو شکاندووە، بۆیە پێویستە کە ئەمە بە کارەسات و قەیرانی نەتەوەیی لە ئێراندا بناسرێت.

### وشک بوونی زەوی لە ئێراندا

قۆناغی دوای وشکساڵی و داتەپینی زەوی کە ئیتر توێژەکانی ژێرزەوی توانای کۆکردنەوەی ئاوی ژێرزەوییان زۆر کەمە و بەرەو کۆتایی دەچێ، قۆناغی وشک بوونی زەوی دەست پێ دەکات کە لەم قۆناغەدا بێجگە لەوە رەگ و ریشەی دارەکان ناتوانن بە هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی ژێرزەوی بگەن، لە ئاکامدا دارستانەکانی ناوچەکە بە تەواوەتی وشک ئەبن. گەیشتنی ناوچەکە بە قۆناغی وشک بوون لەم حاڵەتەدا تەواوی ناوچەکە دەکاتە چەقی قەیرانی "ریزگرد"ەکان و هۆکاری پیس بوونی هەوا و مەرگی زەوی دەبێت. لە وەها حاڵەتێکدایە کە بە چووکەترین رووداو ئەگەری ئاگر کەوتنەوەی بەربەرین لە زۆرێک لە ناوچە وشکەکان دەبین.

**بە پێی تەواوی بنەما زانستییەکانی ژینگەپارێزی و تەنانەت تەواوی بنەما سیاسییەکان بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان، بۆ مانەوەی خۆیان و جیلەکانی داهاتوویش بووبێ دەبێت هەرچی زووتر یەک بگرین و ئەم حکوومەتە نەخوازراو و سەرەڕۆیە لەناوبەرن**

### زەریاچەی ورمێ

هەروا کە لە هەواڵەکاندا هەر رۆژە ئاگادار دەبینەوە، زەریاچەی ورمێ کە بەداخەوە لە رابردوودا بە پانتایی ٥٢٠٠ کیلۆمەتر خۆی دەردەخست و ئێستا بە کەمتر لە ٢٤٠٠ کیلۆمەتر دووجا گەیشتووە، یانی نزیک بە ٤٠٪ی ماوەتەوە بە هۆی کاریگەری گەرم بوونی گۆی زەوی و بە هەڵم بوونی بەشێکی زۆری ئاوی زەریاچەکە وەزعەکەی رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر کردووە. بەڕێوەبەرانی سەرەکی سەرچاوەکانی ئاوی ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی ژینگەپارێزی هەستاون بە دروست کردنی ٣٧ بەنداوی گەورە و چووکە لە سەر ئەو رووبارانەی کە ئاوەکانیان دەهاتەوە ناو زەریاچەی ورمێ و هەروەها بە بێ چاوەدێری کارناسانە، ئیزنی هەڵکەندنی هەزاران چایان کە نزیکەی٦٩٪ ئەو ئاوانەی کە لە باران بارینەکاندا قەرەبوو دەبنەوە، داوە. لە ئێستادا زۆرێک لەو بەنداوانەی کە لە بەردەم ئاوەرێزی گۆلی ورمێدا و بە پارەیەکی ئێگجار زۆری خەڵکی ئێران دروست کراون لە مەداری ئاوگیری هاتوونەتە دەرەوە و لە چەندین هەزار چای ئاو کە لە بەردەم ئاوەرێزی گۆلی ورمێدا دروست کراون، ئیستفادە ناکرێت، بەڵام دیسان دەبینین کە هەر رۆژە دۆخی گۆلی ورمێ مەترسیدارتر دەبێت.

بەشی باشووری گۆلی ورمێ بە تەواوی وشک بووە. بە وتەی کارناسان ئەم ناوچە وشک بووانە ٣٠٠٠ کیلۆمەتری دووجای بە شێوەی کەویری خوێ لێهاتووە و بە هۆی ئەوەیکە تەواوی رێکارە یارمەتیدەرەکان هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە، هەر لە ئێستاوە دەبێت خەڵکی ناوچەکە خۆیان لەگەڵ ئەم دۆخە ناخۆشە بگونجێنن.

لە ئێستادا وشک بوونی ئەم گۆلە مەترسی زۆربوونی جاڕە خوێی لەم ناوچەیەدا زۆر کردووە و بەپێی دادەکانی خودی بەرپرسانی وڵاتی ئێران، باوبۆرانی خوێ کە بەهۆی هەزاران هێکتار جاڕە خوێی وشکبووی ژینگەی ئینسانی و ئاژەڵان و هەروەها تەواوی رووەک و گژوگیای ئەو ناوچەیەی تا شاری کەرەجی بە مەترسی لە ناوچوون خستووە کە لە ئەگەری روودانی ئەم رووداوە دا بەرپرسایەتی یاسایی و سیاسی ئەم رووداوە بە ئەستۆی بەرپرسە گەندەڵەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

### تاڵاوی زرێباری مەریوان

تاڵاوی زرێواری مەریوان بە درێژایی پێنج کیلۆمەتر و پانی نزیکەی یەک وشەش دەیەمی کیلۆمەتر یەکێک لە تاڵاوە جوانەکانی کوردستانە. سەدان ساڵە کە بوونی ئەم تاڵاوە دەورێکی سەرەکی هەبووە لە زیندووڕاگرتنی ئێکوسیستمی ناوچەی کوردستان. بە هۆی بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم تاڵاوەیش وەکوو باقی تاڵاوەکانیتری ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە دەست گەزەندی مەلاکان لە ئەماندا نەبووە و لە ساڵی١٣٧٣ کە بەنداوی زرێبار دروست بوو، لەو ساڵەوە رەوتی لەناوچوون و خنکاندنی تاڵاو دەستی پێکرد. لە ساڵانی ڕابردوودا گەردیلە و خرتوخاڵەکانی تاڵاو بە شێوەی سروشتی و بە هۆی بوونی کانییە سروشتییە هەڵقوڵاوەکانی بن گۆلی زرێبار لە گۆلەکە دەردەچوون و پێشیان بە تانشین بوون و خنکاندنی گۆلی زرێبار دەگرت.

لە تەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەڕێوەبەرانی وڵات، پاراستنی تاڵاوە سروشتییەکان بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانن. ئەم بابەتە بۆ کۆماری ئیسلامی رێک پێچەوانەیە! کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی نەتوانایی و نابەرپرس بوونی بەڕێوەبەرانی رێکخراوی ژینگەپارێزی، خۆیان بە شێوەی بەرنامەداڕێژراو گوندەکانی دەوروبەری تاڵاوی زرێباریان ناچار کردووە کە لە سیستمی بێ کەڵک و کۆنی پاڵاوتنی ئاو بە ناوی "سپتیک تانک" بۆ زێراوی مەڕومالات و زێراوی ماڵان کەڵک وەربگرن. بەداخەوە پاشماوەی زێراوە دەرچووەکان کە دەیان میکرۆئۆرگانیزمی نەخۆشیهێنەری تێدایە دەچێتە ناو ئاوی ئەم تاڵاوە سروشتییە جوانەوە. تێکەڵ بوونی پاشماوەی زێراوی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان بەم تاڵاوە دەبێتە هۆی زۆر بوونی ماددە غەیرەکانزا ناسەقامگیرەکان و هەروەها زۆر بوونی ئەزۆت و فسفۆر و لە ئاکامدا زۆربوونی گەشەی قامیشەکان و پیس بوونی تاڵاوی زرێبار.

لە کۆتاییدا تەنیا دەبێت بەم شێوە لەم وتارە تێبگەین و کۆتایی پێ بێنین کە بە پێی تەواوی بنەما زانستییەکانی ژینگەپارێزی و تەنانەت تەواوی بنەما سیاسییەکان بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان، بۆ مانەوەی خۆیان و جیلەکانی داهاتوویش بووبێ دەبێت هەرچی زووتر یەک بگرین و ئەم حکوومەتە نەخوازراو و سەرەڕۆیە لەناوبەرن.

# نوقمەساربوونی ئێرانی قەیراناوی لە نێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا

**جەماڵ فەتحی**



وڵاتە پێشکەوتووە دێموکراتەکان بۆ بەرەنگاریی لەگەڵ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یان هەر قەیرانێکی ئابووریی بەرنامەیەکی تۆکمە و درێژخایەن دادەڕێژن و بە تاقیکردنەوەی ئەو بەرنامانەیە کە بەسەر ئەو کێشە و گرفتانە زاڵ دەبن، کە بەرۆکی کۆمەڵگاکەیانی گرتووە، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوو و دیکتاتۆرلێدراوەکاندا لە جیاتی چارەسەریی و بیرێک بۆ نەهێشتنی کێشەکان لە حاڵەتی بەهێزیدا بە سەرکوت و لە حاڵەتی لاوازیدا بە پاساوهێنانەوە دەیانهەوێت دیاردەکان چارەسەر یان پەردەپۆش بکەن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کە خۆی وەکوو ڕێژیمێکی ئیسلامی پێناسە کردووە، یان قەت ئەو حەدیسەی پێغەمبەری ئیسلامیان نەدیتووە یان خۆیانی لێ گێل دەکەن، کە دەڵێت: "الفقر یکاد الکفر"، واتە بە هۆی هەژارییەوە کوفر نزیک دەبێتەوە. ئەم حەدیسە ڕەوایەت و بەسەرهاتی ئێستەی خەڵکی ئێرانە، کە لە ژێر سێبەری ڕێژیمێک دەناڵێنن، کە نزیک بە چوار دەیەیە، خەڵکی ئێران کە خەڵکێکی ئایین تەوەرن بە ناوی ئیسلامەوە فریو دەدات و هەموو داهات و سامانی ئەو خەڵکەی لە ڕێگای کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی بەفیڕۆ دەدا و خەڵک لەو ئیسلامەی کە ڕێژیمی ئاخوندیی دەیەوێت تەنیا پشکیان کوشتن، هەژاری، ئاوارەیی و چەرمەسەری بووە.

پاش ئەوەی کە لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاویدا، لەسەر بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران وڵاتانی ١+٥ ڕێککەوتنێکیان بە ناوی بەرجام واژۆ کرد و لەو ڕێککەوتننامەیە ڕێژیمی ئێران بەوە پێبەند کرا، کە واز لە چالاکییە نیزامییە ناوکییەکانی بێنێت و لە بەرانبەر ئەم ڕێککەوتنە بڕی زیاتر لە (١ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن دۆلار) پارەی بلۆکەکراوی ئێران لە لایەن ئامریکاوە کە لە سەردەمی محەممەدڕەزا شادا بۆ کڕینی چەکوچۆڵ بڕی (٤٠٠ میلیۆن دۆلار) بە ئامریکا درابوو، کە پاش دەسبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندییەوە، بە هۆی ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتەوە ڕێژیم سازی نەسازی دژ بە ئامریکا لێ دەدا و بە هێرشکردن بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا کە ڕێژیم وەکوو هێلانەی سیخوڕی ناوی دەهێنا، نێوان ئامریکا و ڕێژیمی ئێران ڕووی لە گرژی و ئاڵۆزی کرد و ئەو پارەیە هەروا لە لای ئامریکا مایەوە، کە پاش واژۆکردنی بەرجام ئەسڵی پارەکە و سوودە چەند ساڵەکەی بە ڕێژیمی ئێران درا.

ژمارەیەک لە خەڵکی ئێران پاش واژۆکردنی بەرجام بە نیشانەی خۆشحاڵیی ڕژانە سەر شەقامەکان و هەڵپەڕکێی و سەمایان گێڕا، چون وایان دەزانی ئەو بڕە پارەیە لە لایەن ڕێژیمەوە لە پێناو خۆشگوزەرانیی خەڵک و کارە ئاوەدانییەکاندا بەکار دێت، بەڵام ئەو پارەیە بەپێچەوانە لە ڕێگای تیرۆر و سەرکوتی خەڵکی نێوخۆی ئێران و ئاژاوەگێڕیی لە سووریە، یەمەن، عێراق و لوبناندا بەکار هێنرا.

پاش تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی ئوباما و هاتنە سەرکاری دانڵد ترامپ سیاسەتی ئامریکا لە هەمبەر ڕێژیمی ئێران گۆڕدرا و ئابلۆقە ئابوورییەکان بۆ سەر ئەو ڕێژیمە دەستی پێکردەوە، چونکە ترامپ ئەو ڕێککەوتنەی بە ڕێککەوتنێکی سەرکەوتوو نەدەزانی و ئەو ڕاستییەی لەسەر ئەو ڕێژیمە دەزانی کە ڕێژیمێک لەو چەشنە هیچ کات بە قازانجی خەڵک و ناوچەکە هەنگاو هەڵناگرێت و ئەو پارەیەی کە لە سەردەمی ئوباما پێی دراوەتەوە، نەک کێشەکانی خەڵکی پێ چارەسەر نەکراوە، بەڵکوو چەند قاتیش بووتەوە. جیا لەوە لەم پارەیە بۆ سەرکوتی خەڵکی بێدەرەتانی ئێران کەڵک وەردەگرێت و بە کڕینی چەکوچۆڵی زەبەلاح زیاتر هەوڵی پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکە دەدات.

هەر بەم بۆنەوە ترامپ لە ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕ واتە چوار ڕۆژ پێش وادەکەی خۆی لە بەرجام کشایەوە و بە کشانەوەی لە بەرجام کە ڕێژیم هەڕەشەکانی لەو بارەوە بە جیددی وەر نەدەگرێت، بەرپرسانی ڕێژیمی مات و سەرسام کرد؛ دوابەدوای ئەوەیکە دانڵد ترامپ لە بەرجام کشایەوە ڕەوتی چوونە دەرەوە و کشانەوەی کۆمپانیا دەرەکییەکان لە ئێران دەستی پێکرد، چونکە ئەو کۆمپانیانە کە بە دوای سوودی زیاترەوەن، باش دەزانن کە ئێرانێک کە تەنیا ٣ لەسەدی ئابووریی ئامریکای هەیە، هیچ کات جێی ئامریکایان بۆ پڕ ناکاتەوە.

هەروەک پێشتر وترا، لە وڵاتێک کە ئابوورییەکی لاوازی هەبێت، یان ئابوورییەکەی لە ڕێگایەکی دیکەدا بەکار بهێنرێت، کێشە و گرفتەکانی ئەو وڵاتە یەک لە دوای یەک سەر هەڵدەدەن و پاش ماوەیەک کێشەکان حاڵەتێکی ئاسایی وەخۆ دەگرن، کە لە ئێرانی ئێستەدا بە هۆی گوشارە ئابوورییەکان دیاردە دزێوەکان وەکوو دزیکردن، گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان، تەڵاق، کڵاوسەرنان، گەندەڵییە کۆمەڵایەتی و ئیخلاقییەکان و ..... ڕوویان لە زیادبوون کردووە و لە پێناو سیاسەتەکانی ڕێژیم ئەم دیاردانە خەریکە حاڵەتێکی ئاسایی و باو وەخۆ دەگرن.

ئەگەرچی هێندێک لەو دیاردانە وەکوو: دزی، ئێعتیاد، تەڵاق و کڵاووەسەرنان بە هۆی کەمتەرخەمیی و ناتوانایی ڕێژیم لە بنبڕکردنیان حاڵەتی ئاساییان بەخۆ گرتووە، بەڵام هێشتا لە ئێراندا هێندێ دیاردە وەکوو گەندەڵیی ئەخلاقی وەک حاڵەتێکی کەرامەتی و ئابروومەندانە چاوی لێ دەکرێت، بەڵام ڕێژیمی ئێران کە لە کەڵکەپاساری نەمان و ڕووخاندایە، دەیەوێت پاش خۆی ئاسەوارە نالەبارەکانی بۆ خەڵک بمێنێتەوە، یان بە سەرقاڵکردنی خەڵک بەو دیاردانە بیروڕای خەڵک چەواشە بکات و نارەزایەتییەکانی خەڵک بەرەو لایەکی دیکە ببات و ماوەیەکی دیکە درێژە بە تەمەنی پڕ لە نەهامەتی خۆی بدات، دەنا ئەگەر باوەڕی بە ئیسلام هەیە، سزای منداڵبازی لە ئیسلامدا لەسێدارەدانە، بەڵام لە کاتێکدا کە سەعید تووسی یەکێک لە قورئانخوێنەکانی نزیک لە خامنەیی بەو تاوانە گیرا، پاش ماوەیەک ئازاد کرا و هیچ سزایەکی بۆ دیاری نەکرا.

دیاردەگەلی لەم چەشنە هەر ڕۆژەو لە شوێنێک سەر هەڵدەدات، یەک لەوانە دەسدرێژیی بەرپرسێکی قوتابخانە بۆ سەر چەندین قوتابیی کوڕ لە شاری تاران و هەروەها دەسدرێژیی چەند کەس لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ سەر ٤١ کچ و ژنی خەڵکی شاری ئێرانشار کە لە جیاتی سزادانی تاوانباران، بەناو دۆزگەری گشتیی ڕێژیم هەڕەشەی لە پێشنوێژی ئەو شارە کردبوو، کە بۆچی ئەو تاوانەی ئاشکرا کردووە.

ئەم حاڵەتانەی کە هەر ڕۆژ و حەوتوو لە گۆشەیەکی ئێراندا ڕوو دەدەن، مستێک لە خەرواری کێشە و دیاردە دزێوەکانی بەرهەمی ڕێژیمی ئێرانن، کە لەژێر چەتری ئیسلامی حکوومەتیدا خۆی حەشار داوە.

## بەردەوامیی دەسدرێژی بۆ سەر خوێندکاران



هەواڵدەرییە نێوخۆییەکان باس لە ڕوودانی دیاردەی دەسدرێژیی سێکسی بۆ سەر ٦ خوێندکار لە لوڕستان دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییە نێوخۆییەکان، ٦ خوێندکار لە لوڕستان دەسدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان و لەم بارە سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام ناوەندە پەیوەندیدارەکانی وەک بێهزیستی و ناوەندی ئۆرژانسی کۆمەڵایەتی ڕەتی دەکەنەوە و لەم بارەوە هیچ زانیارییەک بڵاو ناکەنەوە و دەڵێن نێوەڕۆکی سکاڵا شاراوەیە و بەمیدیایی ناکرێت.دەسدرێژیکردن بۆ سەر خوێندکاران و منداڵان لە ئێراندا، خەریکە دەبێتە دیاردەیەک و پەرە دەستێنێت، لەم چەند ڕۆژەی دواییەشدا بڵاو بووەوە، کە ٤١ کچ لە شاری ئێرانشاری سیستان و بەلووچستان دەسدرێژیی گرووپیی لە لایەن دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمەوە کراوەتە سەریان کە نارەزایەتی خەڵکی لێ کەوتەوە.هەروەها ماوەیەک پێش فیلمێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بووەوە، کە جێگری بەرپرسی قوتابخانەیەکی کوڕانە لە شاری تاران دەسدرێژیی کردبووە سەر قوتابییەکان، کە نارەزایەتی دایک و باوکی ئەو منداڵانەی لێ کەتەوە و سکاڵایان لە دژی ئەم مامۆستایە تۆمار کردووە.پێشتریش محەممەد گەندومنژاد تووسی ناسراو بە سەعید تووسی، یەکێك لە قورئانخوێنەکانی زۆر نزیک لە خامنەیی، دەسدرێژیی سێکسیی کردبووە سەر ١٠ تا ١٩ منداڵی ١٢ تا ١٤ ساڵە، کە بۆ فێربوونی قورئان چووبوونە لای ناوبراوەوە.سەعید تووسی لە لایەن غوڵامحوسەین موحسێنیی ئێژەیی، وتەبێژی دەزگای قەزاییی ڕێژیم، بە بێتاوان ناسێندرا.ئەمە یەکەمجار نییە کە دۆسییەی لەم چەشنە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاشکرا و دواتر سەرپۆش دەکرێت و لە ڕەوتی هێرش بۆ سەر کوی زانکۆ و دۆسییەی کەهریزەکیش کەسانێکی وەک فەرهاد نەزەری و سەعید مورتەزەوی بە بێتاوان ناسێندران و قوربانییانیش تاوانبار کران.

## داهاتی نەوت و ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا لە یەک ئاستدان




بەرپرسێکی ڕێژیم ڕایگەیاندووە، کە گەڕانی ماڵیی ماددە هۆشبەرەکان و ئاستی فرۆشی نەوت لە ئێراندا لە یەک ئاستدان.ئیبراهیمی، دەبیری شۆرای هاوئاهەنگی خەبات بە دژی ماددە هۆشبەرەکان، باسی لەوە کردووە، کە قاچاخی ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا لە ئاستێکدایە کە لەگەڵ داهاتی فرۆشی نەوتی ئێران هاوتەرازن.ئەو بەرپرسەی ڕێژیم وتوویەتی: تەمەنی نێوەنجیی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا، گەیشتووەتە تەمەنی ١٤ ساڵ و تریاک، هرۆئین، شیشە و گوڵ، زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە هەتا ئێستە ٥٣ هەزار کەس بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، گیانیان لەدەست داوە.ئەم وتانەی ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لە حاڵێکدایە، کە ڕێژیم خۆی ماددە هۆشبەرەکان بۆ ئێران هاوردە دەکات و هەوڵ دەدات گیرۆدەبووان بە ماددەی هۆشبەر زیاد بکات و زۆرینەی فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم سەرپەرستیی قاچاخی ماددەی هۆشبەر و بڵاوکردنەوەی لە ئێراندا دەکەن و داهاتێ کە لەو ڕێگەوە بە دەستیان دەگات، لە ڕێگەی تیرۆر لە جیهاندا بەکاری دەبەن.تەنانەت سپای پاسدارانی ڕێژیم نەک لە ئێران، بەڵکوو لە ناوچەکە و جیهان بەتایبەت لە وڵاتە ئافریقاییەکان و ئامریکای باشووردا بازەرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکات و تێچووی کردەوە تیرۆریستییەکانی لەو ڕێگەوە دابین دەکات.زۆرجار بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، باس لەوە دەکەن کە بەتەواوەتی دژی قاچاخی ماددەی هۆشبەرن و لە هەوڵدان بنبڕی بکەن، بەڵام بەپێچەوانە بەشێک لە سیاسەتە نامرۆڤانەکانی ڕێژیم بە دژی خەڵکی ئێرانە و بەکارهێنەر و قاچاخی ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا بە هۆی دەسەڵاتداریەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەک کەمی نەکردووە بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەکات.

# زرێبار و ئەفسانەی فەیلەقووس



شەریف فەلاح

## هەڵکەوتەی زرێبار:

زرێبار، یان زرێوار، گۆل و دەریاچەیەکی گەورەی سروشتیی ئاوی شیرینە کە لە سێ کیلۆمێتریی ڕۆژئاوای شاری مەریوان هەڵکەوتووە. ئاوی زرێبار لە سەرچاوە ئاوییەکانی بنی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و هیچ ڕووبارێکی تر نارژێتە ناوییەوە، هەروەها سارێژی ئاوەکەشی چەمی زرێبار پێکدێنێت کە بە دەشتی مەریواندا تێپەڕ دەبێت و دەڕژێتە ناو ڕووباری سیروانەوە. زرێبار و سروشتی دەوروبەری کە دەشت و کێو و دارستان و گیانلەبەری جۆراوجۆری تێدایە، یەکێک لە سەیرانگە بەناوبانگ و دڵڕفێنە گەشتیارییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێرانە.

بەرزایی زرێبار لە ئاستی دەریاکان ١٢٩٠ میتر و درێژییەکەی (ئاڕاستەی باشووری-باکووری) زیاتر لە ٨ کیلۆمیترە و پانییەکەشی (ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوا) نزیکەی سێ کیلۆمیترە. لە هەندێک لە زستانە ساردەکاندا ڕووی زرێبار بە تەواوی سەهۆڵ دەبەستێت.

بەنداوی زرێبار لە ساڵی ١٩٩٥دا لە باشووری زرێبار و لەسەر چەمی زرێباردا دروست کراوە. بەرزییەکەی ٤ میترە و هۆکاری دروستکردنی، دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵی دەشتی مەریوان و "بێلوو"ە، بەڵام بەهۆی ویشکەساڵییەکانەوە تەنها چەند ساڵێک بە قازانج بوو و ئێستا وەک مەترسییەک بۆ ژینگەی زرێبار و ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی ئەو گۆلە هەژمار دەکرێت.

زۆربەی قەراخ و کەنارەکانی زرێبار بە قامیشەڵان و زەنگاو و زەل داپۆشراوە کە بە بیروڕای هەندێ کەس، ماوەیەکە خەریکە زیاتر دەبێت و مەترسیی بۆ زرێبار دروست کردووە و کەمتەرخەمییەکانی لایەنی پەیوەندیدار و لێدانی بیر و چەند پرۆژەی دیکە مەترسیی لەناوچوونی زرێباریان زیاتر کردووە.

## زرێبار لەڕووی وشەوە:

وشەی «زرێبار» کە ئەمڕۆ خەڵک ئەم دەریاچەیەی پێ ناو دەبا باس لە مێژینەیی بوونی خۆی دەکات. ئەم وشەیە کە لە دێرین زەمانەوە لە لایەن دانیشتوانی دەشتی مەریوانەوە بەم دیاردە سروشتییە وتراوە کۆن بوونی ژیانی نەتەوەیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەزاران ساڵە لە دەوروپشتی ئەم دەریاچەیەدا ژیاون و «زرێبار» بووە بە بەشێک لە شوناسیان و هەمیشە سووچێک و کەلێنێک لە بیر و زەین و دڵ ودەروونیانی تەرخان کردووە. هەر وەک دەبینین لە ئەفسانە و بەیت و باو و گۆرانییە فۆلکلۆریکەکانی خەڵکی مەریوان و لە شێعری شاعیرانی کۆن وتازەی ئەم هەرێمەدا پەیتا پەیتا وشەی «زرێبار» خۆی نواندووە.

مامۆستا محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا سەبارەت بەم وشەیە دەنووسێت: «زرێبار بە زەمینێک دەوترێ کە ڕۆ چووبێ و بووبێ بە دەریاچە ئەم وتەیەی مامۆستا خاڵ بۆ ئەم دیاردە سروشتییە ئەمڕۆش لەلایەن زەویناسەکانەوە بۆ ناساندنی زاراوەی زانستی «گرابن» بەکار دەبرێت.

خودی وشەی زرێبار کە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەشی « زرێ+بار» پێکهاتووە. بەشی یەکەمی ئەم وشەیە واتە «زرێ» لە هەموو فەرهەنگە کوردییەکاندا بە مانای زەریا و دەریا هاتووە. سەرەڕای ئەمەش لە زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا بەتایبەت لە زمانی پاڵەویدا «زرێ» هەر بەم شێوازەی نێو وشەی زرێبار بە مانای دەریا هاتووە. بەشی دووەمی ئەم وشەیەش واتە « بار» ئەتوانێ لە پاشگرە کۆنەکان بێ، کە لە زمانی کوردیدا مانای جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە: بە مانای «ڕۆخ و قەراخ» لە وشەی «ڕووبار»دا کە دەبێتە «قەراخی چۆم» یان بە مانای «وەک» کە هەر لەم وشەیەدا واتە «وەک چۆم» و هەروەها مانای «تەشک، شکڵ و شێوە»ش دەدا لە وشەی «نابار»دا کە بە مانای «بەدتەشک و بەدشکڵ» و لە وشەی «لەبار» یشدا بە مانای «شێوە جوان»ە.

## زرێبار و فەیلەقووس:

سەبارەت بە پێکهاتنی زرێبار، ئەفسانەیەک لەناو خەڵکی ناوچەکەدا هەیە کە گوایە لە جێگەی ئێستای زرێبار، شارێک هەبووە کە حاکمەکەی ناوی فەیلەقووس بووە. دەروێشێک لەگەڵ ژنە دووگیانەکەیدا بە سواریی کەرێکەوە دەگەنە شارەکە. پیاوانی فەیلەقووس کلکی کەرەکەی دەبڕن و ژنەکەی بەسەر کەرەکەوە بەر دەبێتەوە و مناڵەکەی لەبار دەچێت. دەرویش کە چیتر تاقەتی نامێنێ بۆ شکایەت و پاڕانەوە دەچێ بۆ لای حاکمی شار کە ناوی فەیلەقوس بووە و گوزارشتی حاڵ و وەزعی خۆیان دەدا بە حاکم، بەڵام بەپێچەوانەوە حاکم نەتەنیا ئەو کەسانە بە سزای تاوانەکانیان ناگەیێنێ بگرە دەست دەکا بە شۆخی و گاڵتە بە دەروێش و ژنەکەی، مام دەروێش ناهۆمیدانە لە کۆشکی حاکم دێتە دەرەوە و دەچێتە بان تەپۆڵکەیەک لای ڕۆژهەڵاتی شارەکە و لە خوای مەزن دەپاڕێتەوە کە حەقی لە حاکم و خەڵکی شارەکە بستێنێ، دەڵێ؛ سەرم لە سەر سۆجدە بەرز ناکەمەوە تا ئەم شارە و خەڵکەکەی لەگەڵ ئاو یەکسان نەکەی و لە بەینیان نەبەی. کە سەر بەرز دەکاتەوە شارەکە بووە بە ژێر ئاوەوە و گۆلی زرێبار بەم شێوەیە دروست دەبێت.

لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی زرێباردا قەبرێک هەیە کە دەوترێ قەبری ئەو دەروێشەیە. ئەنوەر ڕەوشەن لێکۆڵەر و نووسەری مەریوانی، لە ساڵی٢٠٠٨دا، فیلمێکی بەڵگەیی بەناوی زرێبار، شوناسێکی دێرینی ئەم هەرێمە ئامادە کرد. لە بەشی یەکەمی فیلمەکەدا پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی شاری مەریوان لەسەر ناو و مێژووی زرێبار لێدوانی جۆراوجۆر دەخەنە ڕوو و چەند پیرەپیاوی ناوچەکە ئەفسانەی دروستبوونی زرێبار دەگێڕنەوە.

## زرێبار لە ئەدەبی کوردیدا

زرێبار لە ئەدەبی کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت. هەم لە هۆنراوەی شاعیراندا و هەم، لە ئەفسانە، ئەدەبی زارەکی و لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا. چەند نموونە لەو شێعرانەی کە ناوی زرێباریان تێدایە:

ناری لە هۆنراوەیەکدا کە بۆ شێخ مەحموودی حەفیدی وتووە دەڵێت:

کە مـن غەرقی زرێباری خەمی تۆ بم لە بێلوودا
لە ناڵە و شیوەن و دەرد و خەمی ئەغیار و یارم چی

هەر لەمبارەوە مەولەوی دەڵێت:

ساتێک قافڵەکەت ساکن جە سەیر بۆ یە عەرزێ
دارۆ ئۆغرت خێر بۆ
گێجی زرێبار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ کەردەن
بازش هەناسەم، سوب وەنەش دەرۆ
یەخ کەرۆ، قەتار ئاسان بوویەرۆ

فەیلەقووس

مامۆستا شەریف حوسێنپەناهی (شەریف)

ئێوارەیە دڵپڕ خەمە کۆساری مەریوان
هەرگیز وەکوو ئەمڕۆ نەبووە شاری مەریوان
دایکێ لە پەنای کێوی سەری گۆلی زرێبار
خەمبارە دەگرییێت و دەکا شیوەن و هاوار
دانیشتووە ڕەشپۆش و دەپاڕێتەوە خەمناک
سەرپۆشی ڕەش و زوڵفی سپی ڕشتووە سەرخاک
ئەو دایکە پەشێوە بە دڵی پڕ خەمو ئێش
بەشێوە دەناڵێت و دەڵێ بەخاکی دەروێش
خەو بەسیەتی دەروێش دەسا هەستە درەنگە
نازانی دڵی مەردومی ئەم شارە چ تەنگە
چۆن بێ خەبەری کە فەیلەقووس هاتووە دیسان
نوێژێ بکە دوعایێ کە دەروێش هەمیسان
ئەمڕۆ لە بەیان خوێنی گەشی لاوی ڕژاندم
کوشتی دوو کوڕی ژێر دڵی پیر شکاندم
هەر شوێنێ دەچی خوێنی گەشی لاوە ڕژاوە
هەر لاوە دەیبینی کە لە سێدارە دراوە
ئەم شارە ببینە کە چ خوێنێکی لە چاوە
ڕەشپۆشە هەموو خەڵکی و فرمێسکی نەماوە
بۆ نوێژ درەنگە سەرت هەڵبێنەوە دەروێش
نوێژێ بکە دۆعایێ کە دروێش هەمیسان
دەروێش بەشی ئەم گەلە گریانە دەمێکە
بەرگی ڕەش و جەرگی ڕەش و بریانە دەمێکە
هەر کەس کە نەمامێکی بە خوێنی دڵی ناوە
دارێکی لە بۆ ژینی کوڕی ناوەتە لاوە
بەم چەشنەیە ئاواتی بەدەم باوە دراوە
ئێستا کە هەر ئەو دارە بە سێدارە کراوە
بۆ نوێژ درەنگە سەرت هەڵبێنەوە دەروێش
خێراکە دەی ئەم شارە بڕووخێنەوە دەروێش
نوێژێ بکە سەر هەڵ مەبڕە هەر وەکوو ئەوجار
دیسانەوە ئەم شارە بکە بەحری زرێبار
ئێوارەیە دڵپڕ خەمە کۆساری مەریوان
هەرگیز وەکوو ئەمڕۆ نەبووە شاری مەریوان
ئەو ساتە کە شەو هاتە سەر و شار خەمۆشە
ڕێبوارێ دەڵێ بەو ژنە ڕەشپۆش و پەرۆشە
هەستە بڕۆ دایە کە لە ماڵی تۆ هەرایە
کوژراوە کوڕێکی ترت هەستە بڕۆ دایە
شەو هەر وەکوو سەرپۆشی سەری ئەو ژنە تەنیا
ڕەنگێکی ڕەش و پڕ لە تەمی داوەتە دونیا
دەروێش وڵامێ نییە بۆ جەرگی بریندار
ئەو دایکە وەکوو شێت ئەوا دێتەوە بۆ شار
هاوار چ خەمبارە هەوای شاری مەریوان
ئەمشۆکە چ پڕ ماتەمە شەوگاری مەریوان
کاتێ کە بەیان خۆری خەمین خۆی دەنوێنێ
تابووتێکی سوور دێت و دڵی شار ئەشکێنێ
یارانی لە گەڵ دایکی بە گوڵ تەرحی دەپۆشن
خەڵکی وەکوو دەریایێ بە شوێنیا دەخرۆشن
وێنەی گوڵە سوورەی کە لە سەر بەحرێ بمێنێ
چۆن پۆلی شەپۆل هەر لە پەسا ڕایدەشەکێنێ
لافاوی گەلی شار کە ئەو لاوە دەهێنێ
بای ساردی بەیان پەردەی سوور ڕادەوەشێنێ
ئاسمان و مەل و دار و زرێبار و هەموو شار
هاوار دەکەن بەرز و دەڵێن پێکەوە جارجار
چۆن بێ خەبەری کە فەیلەقووس هاتووە دیسان
نوێژێ بکە دۆعایێ کە دەروێش هەمیسان

## بەیتی زرێبار:

بەیتی زرێبار کە لە لایەن بەیتبێژەکانیشەوە وتراوە گێڕانەوەیەکی تری ئەفسانەی درووست بوونی زرێبارە. بە داخەوە ئەم بەیتە ئێستا لە ناوچەی مەریوان هەر نەماوە و ڕەنگە پیر و بەساڵاچووەکان تەنیا چەن دێڕێکیان لە بیر مابێ. مامۆستایەکی ئایینی تەمەن ٩٠ ساڵەی گوندی خاو لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٣ی زایینی) ئەم تاکە دێڕەی ئەو بەیتەی لە بیر ماوە کە لەلایەن ئەنوەر ڕەوشەنەوە تۆمار کراوە.

لە پێشا قەدیم زرێبار شار بوو
خاوەن دەروازە و سێسەد مەنار بوو

هاوکات لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٥ی زایینی) لە ژمارە ١٢٠ی گۆڤاری سروەدا بەیتی زرێبار بەناوی (قەڵای زرێبار) بە ناتەواوی بڵاو کراوەتەوە کە ئەمە چەند بەشێکی ئەو بەیتەیە :

... دەستم برد تفەنگ کارخانەی قەدیم
لق و لۆق لە زێر قۆنداخەکەی سیم
من کردم لە شان گوتم ئەڵڵا خێر
ڕێم نەخەی وە ڕێی گەرمای گەرمەسێر
کردم لە شان و بێشە گەڕیدەم
پاڵ دا وە عەسر و نێچیر نەدیدەم
شەو لەگەڵ سەنگێ لەوێم گرت قەرار
ڕێم کەوت وەڕێی دەشتی زرێبار
بە تەحقیق زانیم کە زرێبارە
جێگای وەحشیان دەعبای بەهارە
ئامین ئەلفەقێ قەبرت پڕ نوور بێ
ڕۆحت لە عازاب قیامەت دوور بێ
من خۆش شارێ بووم لە ژوور گشت شاران
بەغدا و ئیسفەهان سوودی نەداران
خۆ من شارێ بووم شاری فەیلەقووس
حوکمەتیان دەکرد لە ڕۆم تا عەرووس
چەن شاهی شاهان لە سەر تەختم بوون
چەن وەستای نادر لە سەر بەختم بوون
ڕاستە من قەدیم جێگای خانان بووم
جێی میر و بەگلەر پۆلی ڕەندان بووم

دەگوترێت لە ڕادیۆ سنەش بە دەنگی پیرە پیاوێکی بەیتبێژی سەقزی ئەم بەیتە تۆمار کراوە و ئەگەر نەفەوتابێ ڕەنگە ئێستا لە ئارشیوی ڕادیۆی سنەدا دەست بکەوێ.

## پەندی زرێبار:

پەندی «مووساییەکەی گوێی زرێبار» یەکێ لەو پەندانەیە کە لە ناوچەی مەریواندا لە کۆنەوە ڕەواجی هەیە. ئەم پەندە بۆ مرۆڤی ترسەنۆک و بێ غیرەت بەکار دەبرێ. دەگێڕنەوە گوایە لە کۆندا کابرایەکی مووسایی کاسب کە دێ بە دێ و ناوچە بە ناوچە دەگەڕا ڕێی دەکەوێتە مەریوان و بۆ کاسبییەکەی دەخوازێ بچێ بۆ گوندەکانی ئەو بەر دەریاچە، بەڵام ئەبوایە بە قەراغ و بەسەر زرێباردا بیکردایەتە ئەوبەرەوە. ئەمیش کابرایەکی ترسەنۆک دەبێ و لە ئاو زۆر دەترسێ، هەربۆیە ناوێری بچێتە سەر ئاوەکەوە و هەرچی پێی دەڵێن و ئیسراری لێ دەکەن سوار بەلەمە نابێ و ئاقیبەت هاوڕێکانی بە زۆر سواری دەکەن و لە دەریاچەکە دەیکەنە ئەو بەرەوە. کە دەگەنە ئەو بەر ئاوەکەوە کابرا لایەک دەکاتەوە و تەماشایەکی زرێبار دەکات. کاتێ سەرنج لە ئاوەکە دەدات و بیری لێ دەکاتەوە کە بە کوێدا هاتووەتە ئەم بەرەوە لە ترسا دەستبەجێ گیانی دەردەچێ و دەمرێ. هەر بۆیە ئێستاش لە مەریوان بە مرۆڤی زۆر ترسەنۆک دەڵێن مووساییەکەی گوێی زرێبار.

سەرچاوەکان:
- خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەفسانەی دەروێش و زرێبار. لە نووسینی: سمایل ئەمینی ماڵپەڕی ئاماژە.
- زرێبار لە خەرمانەی کولتوورەوە تا سەرچاوە مێژووییەکان. لە نووسینی ڕەئووف مەحمودپوور، گۆڤاری چیا.
- زرێباری شوناسێکی دێرینی ئەم هەرێمە، لە نووسینی ئەنوەر ڕەوشەن. وێبلاگی زرنەو ئاسۆی.
- فەرهەنگی خاڵ. بەرگی٢. لاپەڕەی٢١٧.

# لە یادی باوکی ناسیۆنالیزمی کورددا

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

زەمان سێ بڕگەیە؛ ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. "ڕابردوو" هەموو ئەو ڕووداو، ڕەفتاری سیاسی، هەوراز و نشیوی نەتەوە و یادگە مێژووییانە لەخۆ دەگرێت، "ئێستا" کاتێکە کە تێیدا دەژین و چارەنووسمان دیاری دەکەین و "داهاتوو"ش کاتێکە کە هیوا و ئارەزووی تێدایە و هەوڵی بۆ دەدەین و دەمانهەوێ ژیانی خۆمان خۆش بکەین.

نەتەوەی کورد بە درێژایی خەباتی خۆی هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە بەڵام وەک پێویست ڕووی لە ڕابردوو نەکردووە هەتا ئەزموونەکان دووپات نەکاتەوە و لە ئێستاشدا خۆی وەک هێز پێناسە نەکردووە و بۆ داهاتووش بەرنامەی هەیە کە وەک پێویست هەنگاوی بۆ هەڵناهێنێتەوە. لە مێژوودا ژمارەیک لە ڕێبەرانی کورد قوربانیی سیاسەتی ڕاست و سادقانەی خۆیان بوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کام لەو ڕێبەرانە لە ناخی دڵەوە لە دوای چارەسەریی پرسی کورد بوون، بەڵام خاڵێکی گرینگ کە دەکرێت ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە مێژوو زۆرجار دووپات کراوەتەوە.

"ڕابێرت ئێلسن"، یەکێک لە توێژەرانی بیانی لەبارەی سمایل ئاغای سمکۆدا دەڵێت: "شۆڕشی سمکۆ کوردی وەک میللەت هێنایە ناو سیاسەت؛ شۆڕشی ئەو شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی بوو".

سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ ساڵی ١٨٨٧ لەدایکبووە. کوڕی محەممەد ئاغا، سەرۆکی هۆزی شکاک بوو. پاش کۆچی دوایی باوکی و کوژرانی جەعفەر ئاغای برای بە پیلانی ڕێژیمی ئەو کاتی ئێران لە تەورێز، سەرۆکایەتی هۆزی شکاکی گرتەدەست. سمکۆی شکاک بە کەسایەتیەکی نیشتمانپەروەر و نوێخواز لەقەڵەم دەدرێت و بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد ناوی دەبەن. هەروەها بەشێک لە مێژوونووسان شۆڕشی سمکۆ بە یەکەم هەوڵی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ سەربەخۆیی دەزانن.

لە هاوینی ساڵی ١٩١٩ی زایینی، سمکۆی شکاک ورمێی لەژێر دەسەڵاتی ئەو کاتی ڕێژیمی ئێران دەرهێنا و لە ساڵی ١٩٢٢ بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی سەربەخۆ، خۆی وەک پاشای ئەم حکومەتە ناساند و گۆڤاری کوردستان وەک زمانحاڵی حکومەتەکەی دەرکرد.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئامریکایی لە سەر شۆڕشی سمکۆ نووسیویەتی، حکومەتی کوردستان دامەزرا؛ ئەم حکوومەتە بریتییە لە کرماشان، سەڵماس، ورمێ و ئەردەڵان"، هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە، سمکۆ چاوی لە لوڕستانیشە.

هەندێک لە شارەزایانی مێژوو باس لەوە دەکەن کە سمکۆی شکاک ٤ هەڵەی سیاسی کردووە:

یەکەم: کوشتنی ڕێبەری ئەرمەنی و ئاشورییەکانی ورمێ.

دووهەم: نەکوشتنی سەرداری ڕەزا شا کە لە ساڵی ١٩٢٤ی زایینی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەبووە.

سێهەم: هێرشی ئەرتەشی سمکۆ بۆ سەر شاری مەهاباد لە ساڵی١٩٢١دا

چوارەم: هەست نەکردن بە پیلانی کوشتنی و چوونە شوێنێک بۆ ئەوەی کە لە داوی هێزەکانی ئێران بکەوێت.



Simko Shikak 1887 – 31 Juni 1930
سەرداری کورد سمکۆ شکاک ١٨٨٧ - ٢١ حوزەیران ساڵی ١٩٣٠

## " کاتێک ڕێبەرێکی گەورە شەهید کرا، ڕێبەرێکی دیکە لەدایک بوو"

دوای دامەزرانی حکوومەتەکەی سمکۆ، سپای ڕێژیمی ئێران بە سەرکردایەتی ڕەزا شای پەهلەوی هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر هێزەکانی سمکۆی شکاک و توانیان شاری ورمێ کۆنترۆڵ بکەنەوە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەژێر دەسەڵاتی سمکۆدا بوو، پاشان سمکۆ و هێزەکانی پەناهەندەی تورکیە بوون و لە لایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە چەک کران.

لە ساڵی ١٩٢٤دا بە بڕیارێکی لێبوردن سمکۆ گەڕایەوە ئێران و لە ساڵی ١٩٢٦دا جارێکی دیکە شۆڕشی دەست پێکردووە، بەڵام ئەمجارەش شۆڕشەکەی تێکشکا و ماوەیەک لە تورکیە بە دەسبەسەری مایەوە، پاش ئازادکردنیشی گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئەو کاتی ئێران، لە شاری شنۆ کوژرا و شۆڕشی ١١ ساڵەی سمکۆی شکاک کۆتایی هات.

**باسکردنی سمکۆی شکاک و ١١ ساڵ شۆڕشی پڕ شانازیی ئەو لە وتارێکدا جێگای نابێتەوە و ڕەواش نییە بەڵکوو ئەوە تەنیا لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەدایە کە ئێمە زۆر بە گشتی باسمان لێکردووە و وەبیرهێنانەوەیەک بۆ خۆمان و داهاتووی خۆمان بەڵام نابێت لەبیر بکەین کە: نەریتی داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر کورد وابووە کە ڕەحم بە کەس نەکەن**

لە ماوەی ١١ ساڵ شۆڕشی خۆیدا ئەم سەرکردە مەزنە تەنگی بە ڕەزاشای پەهلەوی هەڵچنی و توانی ڕەزاشا بکێشێتە ئەو ئاستەی کە بێتە خزمەتی و داوای ئاگربەست و دانوستان لە سمکۆ بکات.

چەند هۆکارێک دەبنە هۆی دەرکەوتنی و ناساندنی هەر کەسایەتی و سەرکردەیەکی دیار بە دەوروبەر و بە جیهان، شارەزایان باس لەوە دەکەن کە سمکۆی شکاک وەک سەرکردەیەکی کوردی سەردەمی خۆی ٦ تایبەتمەندی هەبووە کە توانیویەتی بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی بەکاری بهێنێت:

یەکەم: پاش کوشتنی جەعفەر ئاغای برای بەو شێوە تراژیدیە بیری تۆڵەسەندنەوە لە دڵ و دەرونی سمکۆدا چەکەرە دەکات، بۆیە چەند جارێك هێرش دەکاتە سەر بنکە و هێزەکانی قاجارییەکان لە ( ورمێ ) و ( مەراغە ) و دەوروبەری و زیانی زۆریان پێدەگەیەنێت .

دووهەم: بەهێزی و ناوبانگی هۆزی شکاك لە قۆناغە مێژووییەکانی ئێران و هەوڵ و دژایەتییە بەردەوامەکانیان بۆ پاراستنی ماڵ و موڵکەکانیان لە دەست قاجارییەکان ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دەرکەوتنی سمکۆ وەك سەرۆکی ئەو هۆزە بەناوبانگە.

سێهەم: سمکۆی شکاك وێڕای دلێری و چاونەترسی توانایەکی سەربازی و کۆمەڵایەتی باشی هەبوو، بە هۆی زمان پاراوی و قسەزانی و خەسڵەتەکانیەوە ئەوپەڕی توانایی قایل کردن و سەرنج ڕاکێشانی هەبوو ئەمە لەکاتێکدا سمکۆ کەسێکی نەخویندەوار بووە .

چوارەم: یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی سمکۆ ئەوەیە کە دەبێتە زاوای (سەید تەها)، چونکە جگە لەوەی سەید تەها کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بووە لەوە گرنگتر کەسایەتییەکی ئایینی زۆر باشی هەبووە ئەم پەیوەندییە کومەڵایەتی و خزمایەتییە وای کرد سمکۆ نێوبانگی زیاتر پەیدا بکات .

پێنجەم : ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە گشت پێشهات و ئاکامە گرینگ و یەکلاکەرەوەکانییەوە ئەوپەڕی کاریگەریان هەبوو لەسەر سمکۆ، بەو هۆیەوە رادەی تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی قوڵتر بوویەوە، ئەمەش بووە هۆی دروست بونی خولیای سەرفرازی و ئازادی لە چنگی داگیرکەران و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیی تایبەت بە کورد لای سمکۆ.

شەشەم : بێلایەنی سمکۆ لە هەمبەر رووداوەکان لەدوای کشانەوەی هێزەکانی روسیە لە ساڵی ( ١٩١٧ ) و پاشان خۆی ئامادە کرد بۆ هەڵایسانی شۆڕش لە دژی قاجارییەکان .

**"ڕابێرت ئێلسن"، یەکێک لە توێژەرانی بیانی لەبارەی سمایل ئاغای سمکۆدا دەڵێت: "شۆڕشی سمکۆ کوردی وەک میللەت هێنایە ناو سیاسەت؛ شۆڕشی ئەو شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی بوو"**

سمکۆی ڕێبەر لە ماوەی دەسەڵاتیدا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست کرد و لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید کە ئەویش لە باشووری کوردستان خەریکی شۆڕش بوو و دەیهەویست ئەو پارچەیەی کوردستان رزگار بکات، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەست. لەگەڵ شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانی باکووریش پێوەندی گرت.

سمکۆ بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردستان، دەستی یارمەتی بۆ وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتی فەرانسەوییەکان درێژ کرد و چەندین مامۆستای بیانی هێنایە کوردستان و بۆ زیاترکردنی چالاکییە کلتووری و نەتەوەییەکانی دەستی بەسەر ورمێدا گرت و چاپخانەی ورمێی بۆ چاپی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم" بە هاوکاریی بلیمەتی کورد مامۆستا "تورجانیزادە"خستە خزمەتی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە.

باسکردنی سمکۆی شکاک و ١١ ساڵ شۆڕشی پڕ شانازیی ئەو لە وتارێکدا جێگای نابێتەوە و ڕەواش نییە بەڵکوو ئەوە تەنیا لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەدایە کە ئێمە زۆر بە گشتی باسمان لێکردووە و وەبیرهێنانەوەیەک بۆ خۆمان و داهاتووی خۆمان بەڵام نابێت لەبیر بکەین کە: نەریتی داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر کورد وابووە کە ڕەحم بە کەس نەکەن.

پێش سمکۆ، جەعفەرئاغایان تیرۆر کرد و دواتر هەمزە ئاغای مەنگوڕ و چەند دەیە دوای سمکۆ پێشەوا و هاوڕێیانیان لە سێدارەدا و چەند دەیەی دوای پێشەواش دوکتور قاسملو دوکتورشەرەفکەندییان تیرۆر کرد.

ئامانج لە یادکردنەوەی ئەم کارەساتە ئەوە بوو کە جارێکیتر و لە هەزارەی تازەدا، نەوەی تازەی خەباتی کوردستان ئاگادار بکەینەوە کە شۆڕشەکەی سەرداری کورد "سمکۆ شکاک" هێشتا بە ئامانج نەگەیشتووە؛ هێشتا دوژمنانی کورد دانیان بە سەروەرییەکانی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەناوە و بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی ئەم دەسەڵاتە تۆتالیتەر و داگیرکارەی کۆماری ئیسلامی، بە هەمان گوتاری دژە کوردیی سەردەمی سەرداری کورد سمکۆ شکاکەوە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆیان دەدەن.

ئیتر پێویستە ئەو کەموکورتییانەی لە پێش سمکۆ و دواتریش بوومانە، بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە پڕی بکەینەوە و ئەمەش تەنیا بە یەکێتیی ریزەکانمان دەتوانین شۆڕشی کوردستان پێش بخەین و ئاواتی سەرکردە و شەهید و گەلی ئازاردیتووی کورد وەدی بێنین.

بەرز و بەڕێز بێت یادی سەردار و خەباتکاری بە جەرگ: سمکۆی شکاك و شۆڕشە مەزنەکەی.

## کاوە بەهرامی:

# تەنیا ڕێگای ڕزگاریی لە زەلکاوی خەیانەت، گەڕانەوە بۆ باوەشی گەلە



بە مەبەستی تیشک خستنە سەر کار و چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کاریگەرییان لەم وەرزە نوێیەی ڕاساندا و هەروەها بەرپەرچدانەوەی پیلان و پڕۆپاگەندەکانی ڕێژیم لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی کوردستان و کۆمەڵێک پرسیاری پێوەندیدار بەم مژارەوە، سەرنجتان بۆ ئەم وتووێژەی "کوردستان" لە گەل کاک کاوە بەهرامی، فەرماندەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕادەکێشین:

**دیمانە: سەلیم زەنجیری**

## نەورۆزی ۹٤ نۆقتە گۆڕانێکی گرینگ بوو بۆ خەباتێکی بێ وچانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**• سەرەتا وەرزی نوێی ڕاسان و خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن دەستی پێکردووە و تا ئێستا بە کوێ گەیشتووە یان لە چ قۆناغێکدایە؟**

دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پەرەپێدانی ناعەدالەتی و کوشتن، ئەشکەنجە و بێ دەرەتانی خەڵکی کوردستان، فەقری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی لە ئێران و بە تایبەت کوردستان و مل نەدانی کۆماری ئیسلامی بە ویست و داخوازییە ڕەوا سیاسییەکانی گەلی کورد و هەوڵدانی ئەو ڕێژیمە بۆ ئاسمیلاسیۆنی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو ئاکامە گەیاند کە ڕێگایەکی نوێی خەبات بۆ بەربەرەکانێ کردنی ئەم ڕێژیمە هەڵبژێرێ، ڕاسان واتە گرێدانی خەباتی شار و شاخ تاکتیکێکی نوێی حیزبی ئێمەیە کە پێشمەرگەی شاخ لە گەڵ تێکۆشەرانی شار پێکەوە بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە دەسلەملان دەکا.

**• پێشوازی خەڵک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆنە؟**

نەورۆزی ۹٤ نۆقتە گۆڕانێکی گرینگ بوو بۆ خەباتێکی بێ وچانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە لایەن لێپرسراوی گشتی حیزبەوە قۆناغی نوێی خەبات ڕاگەیەندرا و لە گەڵ پێشوازی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو بوو. گومانی تێدا نییە کە کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوی میلیتاریزە کراوە، فەزایەکی ئەمنیەتی و نیزامی باڵی بە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کێشاوە، لەوەها بارودۆخێکدا، ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی خەبات واتە ڕاسان، ئەگەر هاوکاری و پێشوازی خەڵک بە نیسبەت هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە نەبێ، سەرکەوتوو نابێ.

بەڵام بە خۆشیەوە گەرم و گوڕی خەبات و هاوکاری و هاودڵی و هاوئاهەنگی خەڵک لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئەوەندەی دیکە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی گەرمتر و بەتینتر کردووە، دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری هێزی ئێمە، هێزی خەڵکە، خەڵک پشتیوانی هەتاسەری پێشمەرگەیە.

**• کاریگەری ئەو سەردان و چالاکییانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر ڕۆحیە و موراڵی خەڵک چۆن بووە؟**

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرەتای ڕاگەیاندنی وەرزی ڕاسان پاش پەیامی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب لە بناری کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بە بەرنامە و پلانی نوێیەوە چووە نێو خەڵکی کوردستان و ڕێژیم لە چەند ناوچەی کوردستان شەڕی بە حیزبی ئێمە فرۆشت وهێزی بەهێزی پێشمەرگە لە بەرگرییەکی ڕەوادا وڵامی دانەوە و زەربەیەکی زۆر قۆرسیش وەبەر ڕێژیم کەوت، بەداخەوە کۆمەڵێک هاوسەنگەری بە ئەزموون و لێهاتووی ئێمەش لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا شەهید بوون، بەڵام ئەو شەڕ و کێشە و پەلامارانە وەرەی هێزی پێشمەرگەی دانەبەزاند و بە گوڕ و تینێکی شۆڕشگێڕانەی زیاترەوە درێژەیان بە چالاکی و بەسەرکردنەوەی خەڵکی کورستان دا. بەشێوەیەک کە ئیدی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و لەوێ دەژی و سەنگەر چۆڵ ناکات، بە وەرەیەکی بەرز و بەردەوام لەگەڵ پێشوازی گەرم و گوڕی خەڵک بەرەوڕوو دەبێ، ئەو چالاکییانە و بوون و حزووری پێشمەرگە بووە هۆی ئەوە کە وەرەی خەڵک بە تەواوی بەرز بوویەوە و خەڵکی کوردستان زۆر ئازایانە لە بەرانبەر ناعەدالەتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەربەرەکانێ دەکەن، لە واقیعدا شۆڕشی ئێستامان شۆڕشی خەڵک و پێشمەرگەیە.

**• پلان و دژکردەوەی ڕێژیم لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن بووە و چ بەرنامەیەکی لە بەر دەستدایە؟ هەروەها ئێوە لەو ماوەیەدا چەندە توانیوتانە بەرپەرچی ئەو پیلانانە بدەنەوە؟**

ڕێژیم وەک هەمیشە تێدەکۆشێ بە دانانەوەی بۆسە و هێرش بردن بۆ پێشمەرگە، پێش بە جموجۆڵی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێ، هەر بۆیە بە هەزاران مۆڵگەی داناوە و لە فەقری ماڵیی خەڵک کە پیلانی تایبەتی خۆیەتی، بۆ دروستکردنی سیخۆر لە دژی پێشمەرگە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ڕێ و شوێنی تایبەتیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن گرتووەتە بەر و لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرین و جاش و سیخوڕەکان ئاگادار دەکەینەوە چیدیکە بۆ پاروە نانێک لە دژی گەلەکەی خۆیان ڕانەوەستن و هەرچی زووتر بگەڕێنەوە باوشی گەل.

**• لە سەر ڕووداوی سیاکێوی شنۆ ڕێژیم پڕۆپاگەندەی زۆری کرد و ئێوەش ئاگاداریەکتان بڵاو کردەوە، خوێندنەوەتان بۆ ئەو چەشنە هەواڵ و هەوڵانەی ڕێژیم چییە؟**

ڕێژیم بە پێی پیشە و عادەتی خۆی ڕێگری لە هاتوچۆکانی پێشمەرگە بۆ بەسەرکردنەوەی خەڵک و بەڕێوەبردنی مەئموورییەتەکانیان دەگرێ. بەردەوام هێزی نیزامی لەو ناوچەیە بڵاو دەکاتەوە، لەو تێکهەڵچوونەش کە لە ڕاگەیەندراوی ڕەسمیدا باسمان کرد، ڕێژیم زەربەی زۆر و کاریگەری وێکەوت، بەڵام بۆ بردنەسەری وەرەی هێزەکانی لە قەرارگای حەمزەوە ڕاگەیەندراوێکی دەرکرد کە چەند پێشمەرگەی ئێمەی شەهید کردووە، بەڵام بۆ ئاگاداریتان لەو شەڕەدا خوێن لە قامکی یەک پێشمەرگەی ئێمەش نەهاتووە، هەر بۆیە ڕێژیم هەوڵ دەدات شکەستەکانی خۆی بە درۆ و پڕۆپاگەندە بشارێتەوە.

**• ئامانج و مانیفێستی ڕاسان هەر وەک بۆ خۆشتان فەرمووتان لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە، لەو پێوەندییەدا داواکاریتان لە خەڵکی کوردستان چییە؟**

لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ واتە ڕاسان، هەنگاوێکە بۆ هاوکاری دوو لایەنەی خەڵک وپێشمەرگە لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە چۆکدا هێنانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان و ئێراندا. بۆیە پێویستە خەڵکی شارەکان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بێنە مەیدان و هاوکار، یار و یارمەتیدەری پێشمەرگە بن، خەباتی شار بریتییە لە مانگرتن، خۆپیشاندان، چالاکی مەدەنی و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ڕێژیم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەروەها نزیک بوونەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵ پێشمەرگە لە ئەگەری هەرچەشنە پەلامارێکی ڕێژیمدا. خەباتی شار بریتییە لە خەباتی کلتوری، ڕۆشنبیری و خەبات بۆ هاوکاری پێشمەرگە و پشتیوانیی ماڵی و تەدارۆکاتی بۆ پێشمەرگە و ...هتد.

**• چ قسەیەکتان بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بە هەر هۆکارێک بێ کەوتوونەتە داوی ڕێژیم و ئێستا خەریکن پیلانەکانی ڕێژیم بە دژی هێزی پێشمەرگەی کورستان جێبەجێ دەکەن؟**

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ خزمەت بە گەلی کورد وەک هێزێکی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد تێدەکۆشێ هاوکار و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام کۆمەڵێک کەس بە هەر هۆیەک بێ، فریوی ڕێژیمیان خواردووە و وەک سیخوڕ یان وەک چەکداری جاش دژی گەلەکەی خۆیان خزمەت بە ڕێژیم دەکەن، ئێمە بۆ جارێکی دیکەش داوایان لێدەکەین واز لەو کردەوە دژی گەلییە بێنن، چونکە ڕێژیم لە سەرەمەرگدایە و تا درەنگ نەبووە بگەڕێنەوە باوشی گەل، ئەگەر نا، دەکەونە بەر ڕق و تووڕەیی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەبێ چەکی خەیانەت فڕێ بدەن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل، تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ئێوە لە زەلکاوی خەیانەت، گەڕانەوە بۆ باوەشی گەلە.

**• ئەگەر شتێکی تایبەتیتان هەبێ وەک فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بفەرموون؟**

پێم خۆشە سەرنجێک بخەمە سەر ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٦ سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ بڕیاری دا کە هەر مرۆڤێکی کورد کە بۆ ڕزگاری گەلەکەی چەکی لە شان بێ، وەک پێشمەرگە لای حیزبی دێموکرات نازناوی تەئید دەکرێ، هەر بۆیە ساڵانە ئەو کەسانەی کە ٢٠ ساڵ ڕابردوویان لە ناو هەر حیزب و سازمانێک دا تێپەڕ کردبێ و هەنوکە پێشمەرگەی ئەو هێزە بن، ڕابردوویان بۆ حەسێب دەکرێ و وەک پێشمەرگە دەناسرێن. بۆیە هەر شۆڕشگێڕێک لە لای ئێمەوە بە بێ جیاوازی پێشمەرگەیە و حورمەت و کەرامەتی خۆی هەیە. هەروەها ڕاسان و ساختاری نوێی حیزبی ئێمە، موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە کە چەکی شۆڕشگێڕییان لە شانە و لە هەرجێگایەک بن، پێشمەرگەی کورستانن.

# شێعری منداڵان

ڕەزا شوان

شێعری منداڵان، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا، نزیکترین هونەرە لە دەروونیانەوە، گرنگترین کاریگەری هەیە، لەسەر ژیانی ئەمرۆ و داهاتوویان .. هەر لە کۆنەوە دایکانی میهرەبان و بەسۆزی کوردمان، بە لای لایە و گۆرانی و لۆرین و لاواندنەوە، بە دەنگێکی ناسک و، بە ئاوازێکی بەسۆز و شیرین، کۆرپەکانیان لاواندوونەتەوە، بە دەم لای لایە و گورگانە شەوێ، لانکەکانیان ڕاژەندوون و، کۆرپەکانیان ژیرکردوونەتەوە و، کردوویانە خەو .

تێکڕای منداڵان حەزیان لە گۆرانی و شێعر و سروود هەیە، بە تایبەتیش ئەو شێعر و گۆرانییانەی کە خۆشی و شادییان پێ دەبەخشن، باسی ژیان و ژینگەیان دەکەن، باسی باڵندە و ئاژەڵ و یاری و شادی و، خۆشی و ئازادی و، ئازایی و سەرچڵییان بۆ دەکەن، باس لە هیوا و خواست و ئارەزوو و حەز و خەونەکانیان دەکەن، بە ئاسانی لێیان تێدەگەن و، ژیانی خەیاڵی خۆیانی تێیاندا دەبیننەوە .

ئەو ئامانجانەی کە شێعری ناسک و جوانی منداڵان دەیانهێننەدی، زۆر لەو ئامانجانە زیاترن کە تا ئەمرۆ باسیان لێکردوون . بایەخ و گرنگی شێعر لە سەر سۆز و دەروونی منداڵان، پێویستی بە توێژینەوەیەکی قووڵ و ورد هەیە .. ئێمە بە چڕی و بە کورتی باسی هەندێ لە ئامانجە گرنگەکانی شێعری منداڵان دەکەین، لەوانەش :

شێعری منداڵان کاریگەرییەکی باشی هەیە، لە فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشە و خەیاڵی منداڵاندا، لە گەشەکردنی زەین و هۆشیان، لە قووڵترکردنی بیریان، لە ختووکەدانی هەست و سۆزیان، چێژ و خۆشییەکی زۆریان پێدەبەخشێت، گەلێ گرێ و کێشەی دەروونی منداڵان چارەسەر دەکات، بەشێک لە هەڵەکانیان ڕاست دەکاتەوە، لە ڕێی شێعری جوانەوە گەلێ لە ئامانجەکانی پەروەردەیەکی دروست دێنەدی .. شێعری منداڵان هۆکارێکە بۆ فێرکردن و فێربوون، منداڵان بە تاک و بە کۆمەڵ، بە دەنگ و ئاواز و جووڵەوە، شێعر و سروود و گۆرانی دەڵێن، شەرمیان دەشکێ و ئازایەتی ئەدەبییان دەبێت

.. شێعر هۆکارێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست، بۆ ڕواندنی ڕەوشتی بەرز و خووی جوان و بەهای پیرۆز، بۆ فێربوونی نەریتی ڕەسەن و ڕەفتاری باش و هەڵسوکەوتی ڕاست، بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان، بۆ زیاتر خۆشەویستی و هاوبەستەبوون بۆ گەل و نیشتمان . ئەوە شێعرە کە کوردیلە چاوگەشەکانمان بە کوردایەتی و کوردستان پەروەری گۆش و پەروەردە دەکات؛ فێریان دەکات کە هەمیشە دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەیان بن، پاک و ڕاستگۆ و ئازا و قارەمان بن، خێزان و کەسوکار و هاوڕێکانیان خۆشبوێ؛ ئەوە شێعرە، فێری خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگری و بەرگری و کۆڵنەدانیان دەکات؛ فێری ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی، هاوڕێتی، چاکەخوازی، دادپەروەری و، مرۆڤایەتییان دەکات؛ ئەوە شێعرە، فێری خۆشەویستی و پەیوەندی خوشک و برایی و، یەکێتی و تەبایی و، هاوکاری و یەکڕیزی و سەرکەوتنیان دەکات؛ ئەوە شێعرە، فێریان دەکات، زمانی شیرینی کوردیمان لایان شیرینتر

بێت، کوردستانیان لا پیرۆزتر بێت، ئاڵای کوردستانیان لا جوانتر بێت، پێشمەرگەیان لا خۆشەویستتر بێت، شەهیدە نەمرەکانی کوردستانیان لا شکۆدارتر بێت، پاڵەوانێتی و ڕۆڵی سەرکردە و کەسایەتییە ناودارەکانمان و، کەڵە ئافرەتە قارەمانەکانمانیان لا بەرزتربێت، بۆیە بە چاوێکی ڕێزەوە لە شاعیرانی منداڵان دەڕوانرێت .. چونکە شاعیرانی منداڵان دراوێکی گرانبەهای دەگمەنن.. ئەرکێکی زۆر پیرۆز و هەستیاریان لە ئەستۆ گرتووە، بەرپرسایەتییەکی مەترسیداریان هەڵبژاردووە؛ پێویستە زۆر بە دڵسۆزییەوە، بەوپەڕی وریایی و ئەمانەتەوە، ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن و، پەیامی پیرۆزی شێعری ڕەسەنی منداڵان بهێننەدی. هەر هەڵە و کەموکوڕییەک لە شێعرەکانیاندا هەبن، کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر ژیانی ئەمرۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت، دەبنە بەشێک لە ڕەفتار و ژیانیان، ڕاستکردنەوە و ڕەگ هەڵکێشانیان ئاسان نابێت، باجێکی زۆری ئەو هەڵانە دەدەینەوە، ئەم گوناح و زیانەش لە ئەستۆی شاعیری منداڵانی

نابەڵەد و دوورنەبیندایە.

نووسینی شێعر بۆ منداڵان، کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان و ساکار نییە، لە نووسینی شێعر بۆ گەورەکان گەلێ گرانترە، چونکە شێعری منداڵان، هەر ئەوە نییە، کە شاعیر چەند دێڕێکی کێش و سەروادار ڕێکبخات و ناوی لێبنێت ( شێعر بۆ منداڵان )، شێعری منداڵان بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پێویستە شاعیر لە نووسینی شێعرەکانیدا بۆ منداڵان ڕەچاویان بکات؛ پێویستە شێعری منداڵان، وشەکانی ئاسان و ڕەوان و تەڕ و پاراو بن، وەک گوڵ جوان و گەش و بۆنخۆش بن، هیچ گرێ و گۆڵێک لە شێعرەکاندا نەبن، لە ئێستادا باوی کێشی عەروزی شێعر نەماوە؛ پێویستە کێشی شێعرەکان خۆماڵی بن ( پەنجەیی ـ بڕگەیی ) و کورت بن . زۆربەی شاعیرانی منداڵان، شێعرەکانیان بە کێشی پەنجەیی دادەڕێژن کێشی ( ٥ ، ٦، ٧، ٨، ١٠) بڕگەیی . ( کێش ) و ( تریە ) و (موزیک ) سێ بنەمان لە بنەماکانی شێعر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و، تەواوکەری یەکترین، یا بڵێنی گیانێکن و لە سێ جەستەدان؛

گونجانی هەرسێکیان پێکەوە جوانی و شیرینی و چێژێکی خۆش بە شێعر دەبەخشن، ڕیتم و تەکنیکیش پێویستە بەپێی پێوەرەکانی شێعری منداڵان بن .

شاعیری منداڵان، کاتێ دەتوانێ شێعری بە سوود و کاریگەر بۆ منداڵان بنووسێت، کە شارەزاییەکی تەواوی لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیری و سۆزی و زمانی و بیردا هەبێت؛ پێویستە شارەزابێت، لە زانستی دەروونناسی و جوانناسی و پەروەردەی نوێی منداڵدا، ئەوە بزانێت کە هەریەکە لە قۆناغەکانی گەشەکردن و هەراشبوونی منداڵ، ئاستی تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوە و، ئاسۆی بڕکردنی خەیاڵ و، فەرهەنگی زمان و، حەز و ئارەزوو و پێویستی و پێداویستیی خۆیان هەیە. ئەوە بزانێت کە شێعری منداڵان، دەبێت وەکوو منداڵان پاک و سادە بێت.

نموونەی یەکەم لە شێعری منداڵان:

کەو و ژیشک
کەوێ وتی بە ژیشکە
بۆهەمووگیانت دڕکە؟
زۆر چکۆلەو ناحەزی
دایم مات وسەرکزی
ژیان چۆن ئەبەیتە سەر
لەوکونەت قەت نایتەدەر
ئەها من چەنێ جوانم!
هاوڕێی زۆربەی مەلانم
زۆرشێعرم پێدا دەڵێن
گۆرانیشم بۆ دەڵێن
جوابی ژیشک:
ژیشک وتی: تۆجوانی
بەڵام هەندێ نەزانی
واگاڵتە مەکە بە من
ۆلنەی من زۆر دەگمەنن
تا ئێستە ڕووی نەداوە
بلێن ژیشک گۆڕاوە
بۆ نەختاڵێ دان وئاو
دۆستی خۆی بخاتە داو
خەیانەت ناکەم ئەمن
تیغم تیژە بۆ دوژمن
بەڵام لە نێو ئێوەدا
خۆخۆری زۆر ڕوو دەدا

وەرگیراو لەکتێبی گورگ ومەڕ (نووسینی ف شوان)

نموونەی دووهەم:

ماسی خان
ماسی خان زۆر وریا بوو
زیرەکی نێو دەریا بوو
دایم بەچاوی کراوە
دەڕۆیی و دەگەڕاوە
جارجار تماشای دەکرد
نەکا بیگرن دەست وبرد
لەپڕ بینی کە داوێ
بۆی خراوەتە ئاوێ
شۆڕکراوە شتێ خۆش
تەماح بکەین من وتۆش
چەشتە دیارەو قولاپ ون
دەبێ وریا بم ئەمن
وتی: چەشتەی فێڵاوی!
نامەوێ دانەو داوی
نەکەوتە فێڵی ڕاوکەر
ڕێی ئازادی گرتە بەر
منداڵیش دەبێ وابێ
وەک ماسی خان وریابێ
بناسێ دۆست ودوژمن
کێ ڕاستەوکێ درۆزن
فێڵبازو زاڵم زۆرە
نەبێ بەچەشتە خۆرە
خۆی بەرەنجەڕۆ نەکا
پشت لە گەلی خۆی نەکا

**وەرگیراو لەکتێبی ئەستێرە باران**
**(نووسین وشێعرفیرووزعەبدوڵڵاهی)**




# سەرنجێک لەسەر مێژووی ئەدەبیاتی کوردی

دونیای شاعیر دوو لایەنی هەست، دەرون و ڕاستەقینەکانی ژیانە کە سرنجدان بە هەر کامیان بۆتە هۆی داهێنانی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە مێژووی ئەدەبی جیهانی. ڕۆمانتیستەکان بە سرنجدان بە هەستی دەروون و پێداگری لە سەر ئەدبی غینایی هەموو هەوڵیان بە دەربڕینی هەست و لایەنی"من" شاعیر کە وەخۆگری لایەنەکانی ئەوین و نیشتمان و ئایین و هەموو ئەو دیاردانەی هەستی شاعیر دەبزوێنن لە بەرچاو بوو، بە پێچەوانە ڕیئالیستەکان بە تەواوی لایەنگری ڕاستەقینەکانی ژیان و دژ بە دەربڕینی هەستن.

روداوە ئەدەبی - مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو جۆرەی کە هەن دەبێ بۆ خوێنەر بنوێندرێ؛ ئەوە بیرۆکەی سەرەتایی ڕیئالیستەکانە، بەڵام ئەدەبیاتی ئێمەی کورد بە سەرچاوە گرتن لە نەریت و فۆلکلۆری لە مێژینە و بایەخداری نەتەوەییمان بناخەیەکی گرینگی پێکهێناوە و وەکوو دارێکی پتەو و ریشەدار لە ئەدەبی جیهانیدا خۆدەنوێنێ .

ئەوکاتەی لە سەدەی هەڤدەیەم لە ئەورووپا ڕاپەڕینی نوێگەرایی سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی کەمدا لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەگئاژۆ بوو و لە سەدەی هەژدەیەمیش وڵاتانی یەکگرتووی گرتەوە و لە سەرەتاکانی سەدی بیستەم لە لایەن چەند خوێندکاری ئێرانی کە لە زانستگاکانی فەرانسە خەریکی خوێندن بوون هاتە نێو ئەدەبی فارسییەوە.

سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە پێکهاتنی ئەو ڕەوتە، ئێمەی کورد دە قالب و فۆرمی هێجایی بەیت و حەیرانمان هەبووە؛ وەک ئاگادارن شێعری عەروز و سروا و قافیەدار، دیاری عەرەبەکانە کە بە هێرشی ئیسلام بۆ ناوچەکانی ئێمە بوو بە داب، بەڵام سەرەڕای ئەو هێرشە، کورد نەریتی خۆی پاراستووە و لایەنی فۆلکلۆر و بەیت و حەیران نەک لاواز نەبووە بەڵکوو لەنێو نوسراوەکاندا بەرەو هەرمانی چووە. ڕۆڵەی کورد قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵی و لە مەترسی لەبیرچوونەوە رزگاری کرد.
دیارە شوێندانانی فەرهەنگ و کلتوورە بەهێزەکانی هاوسێ بەسەر یەکدا شتێکی ئاساییە و ئەوە هۆکاری گەشە و زیندوویەتی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکی بە دوادایە، دیارە لەبەرچاونەگرتنی هێڵە سوورەکان دەبێتە هۆی شپرزەیی ئەو کارە؛ بۆنموونە کۆنترین شاعیری کورد کە ڕێکەوتی لە دایک بوونی بە ڕوونی تۆمار کرابێت، "بابا سەرهەنگی دەودانی"یە کە ساڵی ٣٢٤ی هیجری هاتۆتە دنیاوە. ئەمەش نموونەیەک لە شێعری بابا سەرهەنگ:

ها یاگەم چۆڵەن، هایاگەم چۆڵەن
وە وێنەی فەرهاد هایاگەم چۆڵەن
لالم نە باڵەن، پۆستم نە کۆڵەن
هامدەمم کۆهەن، یاران نەهۆڵەن

نەک هەر کورد، هیچ نەتەوەیەک، ئەدەبیاتی لە نەتەوەیەکی تر وەرنەگرتووە؛ ئەدەبیات بەرهەمی ژیانی مرۆڤ و سرووشتە، هەر بەو پێیە وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبییەکانی کوردی بۆ سەر زمانەکانی دی دەبێتە هۆی نواندنی داب و نەریتی کورد ونیشاندانی جوانییەکانی ئەدەب.

**وەرگیراو لە کەناڵی تایبەتی نووسەر**

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:727 • 21 June 2018

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# رۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی رۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران رۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ٩٧ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

ئەم ئامارە بە پشتبەستن بە ئاماری ناوەندی تۆمار کراو، لە ناوەندیی ئاماری ئاژانسی کوردپا تۆمار کراوە.

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:







### دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

شەوی پێنجشەممە ١٧ی جۆزەردان، سێ کاسبکاری کورد بە ناوەکانی "ئیسماعیل محەممەدپوور، سەعید کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی گەپڵەسەن و عەبدوڵڵا ڕەسووڵنژاد خەڵکی گوندی جڵدیان" سەر بە شاری پیرانشار لە بەرزاییەکانی "سپی ڕێز" لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کران.

مامۆستا محەممەد ئەدیبی، مامۆستا و پێشنوێژی مزگەوتی گوندی "کەوپێچی خواروو" سەر بە شاری بانە، بانگهێشتی دادگای تایبەتی ڕۆحانییەت لە شاری هەمەدان کرا.

هەروەها، ڕۆژی شەممە ١٩ی جۆزەردان، چالاکێکی کرێکاریی، خەڵکی شاری سەقز بە ناوی "کاوە حەکیمی" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرد؛ ئەو چالاکە کرێکارییە، بە تۆمەتی "بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی "ڕۆژی جیهانی کرێکار" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز کراوە. لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی جۆزەردان، "غەزاڵ ئیسماعیلی"، "ئارمان ئیسماعیلی" و "خەبات ڕەحیمی"، هاوسەری عوسمان ئیسماعیلی بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز کرا؛ ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی "وێنەگرتن لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شاری سەقز" بانگهێشتی ناوەندی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کراون و لەو پەیوەندییەدا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە.

هەروەها، "موختار زارعی"، چالاکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سنە، بە مەبەستی "ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکەی وێڕای مافی هەبوونی پارێزەر" بانگهێشتی لقی دووی لێپرسینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی سنە کرا.

ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان، خەلیل کەریمی"، کرێکاری بیناسازی و ئەندامی یەکیەتیی ئازادی کرێکاران، بانگهێشتی ناوەندی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کرا و بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر لێپرسینەوەی لێ کرا. ئەو چالاکە کرێکارییە بە تۆمەتی "بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکار" و "چاوپێکەوتن لەگەڵ "بنەماڵەی ڕامین حوسێنپەناهی"، زیندانی سیاسی کوردی مەحکووم بە ئێعدام" بانگهێشتی ئەو ناوەندە خەبەرییە کراوە.

"بەختیار خۆشناو"، چالاکی مافی مرۆڤ و هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵی موکریان، ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی جۆزەردان، لە لقی ١٠١ی دادگای جەزایی گشتیی شاری سەقز دادگایی کرا؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چالاکە مافی مرۆییە کوردە، بە هۆی ئامادەنەبوونی پارێزەر، داوای کردبوو دادگاییکردنەکەی بۆ کاتێکی دیکە دوا بخرێت، بەڵام دادوەری دادگا لەگەڵ داواکاریی ناوبراو دژایەتی کردبوو.

لە لایەکی دیکەوە، چوار هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەوە شارەوە بانگهێشت کراون و بەپێی ئەو بڕیارەی دادگا، دەبێ ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی جۆزەردان، خۆیان بە دادگای ئەو شارە بناسێنن، شوناسی ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە بریتییە لە: "لوقمان قورەیشی"، "عەلی حوسێنی"، "سلێمان عەبدی" و "محەممەد عابدی" ؛ دادگای ئینقلابی شاری سەقز بە شێوەی فەرمی بە "بانگهێشتنامە" ئەو چوار هاووڵاتییە کوردەی بانگهێشت کردووە.

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "فاڕوق ڕۆستەمی" کوڕی فەرەج خەڵکی گوندی "بۆڕیەر" سەر بە ناوچەی "ژاوەرۆ"، پاش بانگهێشتی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا؛ ئەو هاووڵاتییە کوردە خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵە و هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە هۆکاری دەسبەسەرکرانی هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.

هەروەها بۆ دووهەم جار، مامۆستا محەممەد ئەدیبی، ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتی گوندی "کەوپێچی خواروو" سەر بە شاری بانە بانگهێشتی دادگای تایبەتی ڕۆحانییەتی شاری هەمەدان کراوە .ئەو مامۆستا کوردە، دەبێ ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی جۆزەردان، خۆی بە دادگای تایبەتی ڕۆحانییەت لە شاری هەمەدان بناسێنێت و هۆکاری دووبارە بانگهێشتکردنی ناوبراو، پشتیوانیی لە نارەزایەتیی بازاڕییانی شاری بانە ڕاگەیەندراوە.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان، مەئموورانی زیندانی ناوەندیی شاری سنە لە کاتێکدا دەیانهەویست ڕامین حوسێنپەناهی، زیندانی سیاسیی مەحکووم کراو بە ئێعدام، لە بەندی گشتی بۆ بەندی تاکەکەسی بگوازنەوە، شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان زیندانیانی بەندی گشتی و مەئموورانی زیندان هاتە ئاراوە. هەواڵنێری کوردپا لە زاری ئەو سەرچاوەیەوە ڕایگەیاند: لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا، ڕامین حوسێنپەناهی و حەیدەر قوربانی بریندار بوون و بەرپرسی زیندانیش داوای هێزی زیاتری کردووە بۆ کونترۆڵ کردنی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

شەوی چوارشەممە ١٦ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی "کێلەشین" سەر بە شاری شنۆ، دەکەونە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی "ش.ج" تەمەن ٣٢ ساڵ و "د.ی" تەمەن ٢٨ ساڵ بە سەختی بریندار بوون.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە ناوچەی "مێرگە چەکۆ" لە نزیک گوندی "زێوکە و ماشکان" سەر بە شاری پیرانشار دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئەنجامی دەسڕێژی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کاسبکاریکی کورد بە ناوی "ئەسعەد حەسەنزادە" کوڕی خەلیل خەڵکی پیرانشار دەسبەجێ گیانی لە دەست دەدات.

ڕۆژی هەینی ١٨ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سەبوور قادری"، کوڕی حوسێن تەمەن ٤٧ ساڵ، خەڵکی گوندی "نەجاڕ" سەر بە شاری پاوە، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست دا؛ ئەو کۆڵبەرە کوردە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی جۆزەردان، تووشی ئەو ڕووداوە بووە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی "تاڵەقانی "ی شاری کرماشان کرابوو، کە دواتر بە هۆی بەرکەوتنی زەربەری مێشکی لە ئەنجامی بەربوونەوە لە بەرزایی، گیانی لە دەست دا.

شەوی پێنجشەممە ١٧ی جۆزەردان، هێزەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای "کەپران"ی شاری سەردەشت، دەسڕێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو ناوچەیە کردووە و لە ئاکامدا یەکێک لە کۆڵبەرانی کورد بە ناوی "ئەسکەندەر محەممەدی" کوڕی حەمزە، گیانی لە دەست دا؛ هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان بەبێ ئەوەی پێشتر ئەو کۆڵبەرانە ئاگادار بکەنەوە، تەقەیان لێیان کردووە.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی جۆزەردان، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد، کۆڵبەرێکی تەمەن ٣٥ ساڵە لە سنووری چۆمان پێکرا؛ شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە "خالید سماقووڵی" تەمەن ساڵ ٣٥ خەڵکی گوندی "سماقووڵ" سەر بە شاری بانە ڕاگەیاندراوە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی "محەممەد حەیدەرانلوو" کوڕی ڕەحمان، خەڵکی گوندی "عیسا کۆلیک"بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شاری چاڵدوڕان بریندار کرا.

چەند ڕۆژ پێشتریش، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "عەزیز ڕەسووڵپوور" (عەزیز ساردکەیی) کوڕی خدر خەڵکی شاری مەهاباد، بە هۆی جەڵدەی دڵ گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

پەرستارێکی کورد، لە ئەنجامی پێنەدانی پارە و پارەی ئیزافەکاری، لە لایەن بەرپرسانی نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنەوە، خۆی کوشت؛ شوناسی ئەو پەرەستارە کوردە، "نەشمیل حوسێنی" ڕاگەیاندراوە. ئەو ژنە پەرەستارە، لە ڕێگای خواردنی "حەب"ـەوە هەوڵی خۆکوژی داوە و پاش چەند ڕۆژێک لە بێهۆشیی درێژەخایەن، گیانی لە دەست دا.

شەوی ١٨ی جۆزەردان، لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵ، خەڵکی گەڕەکی "حەماڵاوا"ی شاری سەقز، بە شێوەی خۆهەڵواستن، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا؛ شوناسی ئەو لاوە کوردە، بە ناوی "سینا خەلیفەزادە"، تەمەن ٢٤ ساڵ، کوڕی یەحیا، دانیشتووی گەڕەکی حەماڵاوای شاری سەقز ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی هەینی ١٨ی جۆزەردان، سەربازێکی کورد، بە ناوی "موحسێن" خەڵکی شاری سنە، بە هۆی سزادان لە لایەن بەرپرسی پادگانی ئەرتەشی شاری سەقزەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا؛ ڕاپۆرتی نێردراو بۆ ئاژانسی کوردپا، باس لەوە دەکات، کە ئەو سەربازە کوردە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی و هەروەها سزادان لە لایەن بەرپرسانی پادگانی ئەرتەشی شاری سەقز، دەستی داوەتە خۆکوژی.

مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ساڵ دانیشتووی شاری ورمێ، بە ناوی "یەحیا" لە شارەکی دانشگای ئەو شارە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی جۆزەردان، لاوێکی کورد خەڵکی شاری بۆکان بە ناوی "شارام الف" کە لە هەوڵێکی خۆکوژیدا، بێئاکام مایەوە، پاش ٢٤ کاتژمێر لە کۆما، لە نەخۆشخانەی ئەو شارە گیانی لە دەست دا.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی شەممە ٢٦ی جۆزەردان، پیاوێکی بەساڵاچوو خەڵکی ناوچەی تازەکەندی شاری سەلماس، لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە، هەوڵی خۆکوژی دا؛ دەوترێ، بنەماڵەی ئەو پیاوە پاش ئاگاداربوون لەو ڕووداوە، ناوبراویان بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تەورێز، گواستووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، شەوی هەینی ٢٥ی جۆزەردان، کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ خەڵکی گوندی "مەوێ"ی شاری دیواندەرە، بە شێوەی خۆهەڵواسین هەوڵی خۆکوژی داوە و پاش گەیاندنی ئەو کچە بۆ نەخۆشخانە، ڕۆژی دواتر (شەممە) گیانی لە دەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی جۆزەردان، لاوێکی کورد خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی "ئەشکان سەلیمی" کوڕی مستەفا سەلیمی، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بە خواردنی حەب هەوڵی خۆکوژی دا.

### برینداربوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران بە هۆی ڕووداوی کار لە کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی جۆزەردان، دوو کرێکاری شارەداریی شاری نۆدشە، بە هۆی وەرگەڕانی ماشین بریندار بوون.

شوناسی ئەو دوو کرێکارە، بە ناوەکانی "ئیدریس خالیدینیا و ئیسماعیل محەممەدی موتڵەق" ڕاگەیەندراوە.

یەکشەممە ٢٧ی جۆزەردان، لە یەکێک لە کارگەکانی پڕکردنەوەی کەپسولی ئۆکسیژن لە شارەکی "نۆکان"ـی شاری کرماشان، بە هۆی تەقینەوەی کەپسولێک، لاوێکی تەمەن ٢٦ ساڵ گیانی لە دەستدا؛ هەروەها، هاووڵاتییەکی دیکەی تەمەن ٤٠ ساڵ بریندار بووە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی تاڵەقانی شاری کرماشان کرا. سێشەممە ٢٩ی جۆزەردان، کرێکارێکی کورد خەڵکی گوندی "بڵەسەن"ی شاری بانە، لە کاتی کار کردن، بە هۆی بەربوونەوە لە بینایەکی ٧ نهۆمی گیانی لە دەست دا؛ شوناسی ئەو کرێکارە کوردە "مێهدی کەریمپوور" دانیشتووی گوندی بڵەسەن ڕاگەیەندراوە.